

نامەیەک لە زیندانەوە

2026

ئەحمەد کامەران

ناسنامەی کتێب

ناوی پەرتووک :

نامەیەک لە زیندانەوە

ناوی نووسەر :

ئەحمەد کامەران

بابەت:

چیرۆک

ساڵی چاپ :

٢٠٢٦

ناوەڕۆکی ئەم پەرتووکە لە چوار چیرۆک پێک دێت:

١.نامەیەک لە زیندانەوە... (ڕاستی ژیانی کچێکی کوردە، قوربانی دەستی شاعیرێکی هیچ و پوچە.نووسەر بەتەکنیکی ئەدەبی کاری لەسەر کردووە)	**لا ٥**
٢.هاوسەرگیری لەگەڵ ڕۆبۆتێکی مێینە... **"پەیوەستە بەخەیاڵی نووسەر"**	**لا ٣٤**
٣.هیچ کاتێک خودا لەیاد مەکە... "ڕاستی ژیانی کوڕێکی گەنجە،لەهەمانکاتدا هاوڕێی نووسەرە"	**لا ٤٦**
٤. دەستنووسی شەڕڤانێک... ئەم چیرۆکە،تەواوکەری زنجیرە ڕۆمانی"بیرانی شەڕڤانێک لە چیاکانەوە تا ڕۆژئاوای کوردستان". ڕۆمانەکە لە ئەنجامی گەشتێکی مەیدانی نووسەر بۆ ڕۆژئاوای کوردستان هاتبووە نووسین.	**لا ٥٨**
ژیاننامەی نووسەر لاپەڕەیەک تایبەت بەژیان و بەرهەمەکانی نووسەر.	**لا ١٠١**

خوێندنەوەی ئەم پەرتووکە بۆ خوار تەمەن شازدە ساڵ گونجاو نییە.

نامەیەک لە زیندانەوە

مەرج نیە نووسەرێک یان شاعیرێک بەرهەمێکی جوانی هەبێت، کەسایەتی خۆیشی هاوشێوەی بەرهەمەکەی بێت. ڕەنگە زۆر جاران تەنیا وەکو تەڵەیەکی وێژەیی بێت، نوسەرێکی ساختە هەڵدەسێت بەرهەمێکی ناوازە پێشکەشی خوێنەران دەکات، تەنیا بۆ ئامانجی ڕاوکردنی ئەو کچە گەنجانەی ئاشقی وشە جوانەکانن.

چیرۆکی قوربانییەکە؛

کچێکی گەنج و پاکیزە بووم، هەروەکو پەمۆک وابووم. لەهەمانکاتدا کچێکی ئیماندار بووم، لە تەمەنی حەوت ساڵانەوە دەستم بە نوێژو خوا پەرستی کردبوو. ژیانێکی زۆر جوان و سادەم هەبوو،هەموو ساڵێک لەسەرجەم قۆناغەکانی خوێندن پلەی سەرکەوتنم بەدەست دەهێنا. بەردەوام دایکم و باوکم شانازییان بە کچە بچووک و گوێڕایەڵەکەی خۆیان دەکرد.

پاش تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی بەسەرکەوتوویی، وەکو هەر قوتابیەکی دیکە ناوم لەزانکۆدا هاتەوە.

بەڕووخساریکی گەشەوە ماڵئاوایی لە ڕۆژانی قوتابخانەم دەکرد، لێرە بەدوا بووم بە قوتابییەکی کۆلێژ،دەبوایە وەکو کەسایەتییەکی دیکە مامەڵە بکەم.

ژیانی خوێندنی زانکۆ قۆناغێکی نوێیە بۆ قوتابی،واتە وەکو قۆناغەکانی دیکەی خوێندنی قوتابخانە نییە. زۆرێک لەخزم و دۆستانم چارەنووسی ژیانێکی نوێتر و پڕ لە سەرکەوتن لە ڕێگای ناوەندەکانی کۆلێژ دیاریان دەکرد بۆخۆیان. بەشێکی دیکە ئامانجی چوونیان بۆ کۆلێژ تەنیا بۆ کات بەسەر بردن و گاڵتە و گەپە، بەستنی ژوانی خۆشەویستی درۆ ...هتد

سەرەتای چوونم بۆ کۆلێژ، هەستم بەنامۆیی و تەنیایی دەکرد لەچواردەوری خۆمدا، چونکە لەگەڵ کەش و هەوای ناو کۆلێژەکەم ڕانەهاتبووم.

بەپێی تێپەڕبوونی کات، کەسانی نوێ و جیاوازم ناسی لە بەشەکەی خۆم،کچ و کوڕ لەیەک کڵاس دەمان خوێند. بۆ کچێکی وەکو منیش یەکەم جارم بوو بە تێکەڵاوی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەرم مامەڵە بکەم. چونکە لە پێشتردا جگە لە براکانی خۆم، هیچ کوڕێکی دیکەم شک نەبرد بۆ ناسین.

لە ڕەگەزی بەرامبەر دەترسام،وا تێگەیشتبووم ئەوان وەکو دڕندەیەکی برسی پەلاماری کچان دەدەن،هەروەها هیچ کاتێک جێگای متمانە پێکردنێکی هەمیشەیی نین،تەنیا دەخوازن بگەن بەچێژی خۆیان و پاشان بەبێ ویژدانی کچەی داماو لەنیوەی ڕێگادا وەکو پاشماوەیەک فڕێیمان دەدەن. کەچی دواجار لە کۆمەڵگادا من تاوانباری سەرەکی دەبم.

هەرچی کۆڕە دەبینین وەکو پیاوێکی خاوەن دەسەڵات تەماشا دەکرێن، هیچ کەس لێ پێچینەوەیان لەگەڵدا ناکات لەسەر تاوانەکانیان. نە خێزان و نە کۆمەڵگاکە،چونکە ئەوان نێرن و مافی هەموو شتێکیان هەیە بە ئازادی بیکەن.بەڵام کچەکان بەردەوام لە هەموو کات و ساتێک بەبێ تاوانی باجە قورسەکانی ژیان دەدەن.

نێوانێکی کراوە لەنێوان خۆم و کۆڕەکانی هاوڕێی زانکۆم درووست دەکرد،واتە زۆر بەفراوانی تێکەڵاو نەبووم لەگەڵیان، تەنیا لەکاتی پێویستی و یاخود چالاکیە زانستییەکان بەرکەوتەم دەبوو لەگەڵیان. کاتێک کچێک بە کراوەیی مامەڵە بکات لەگەڵ دەوروبەرەکەی خۆیدا، هەر زوو نێرە درێندەکان لە مێشکی خۆیانەوە

بەو جـــۆرە لێکـــدانەوەی بـــۆ دەکەن، گـــوایە ئەم کـــچە کـــراوەیە ئـــارەزووی هەمووشـــتێکی هەیە، بـــۆیە ئـــێمەش دەتـــوانین بەئـــارەزووی خۆمـــان لێـــی نزیـــک بیـــنەوە. نێرەکـــان تەنیـــا لە بەر ئەوەی مێشـــک و چاویـــان جەســـتەی کچەکـــان دەبینـــین، جـــگە لەوە هـــیچ شـــتێکی جـــوانتر شـــک نـــابەن بۆخۆی و ڕەگەزی بەرامبەرەکەی.

هاوشـــێوەی هەمـــوو ســـاڵەکانی پێشـــتری خوێنـــدنم، بەردەوام قۆناغەکـــانی زانکۆیشـــم بە ســـەرکەوتویی بـــێ کێشە بەڕێم دەکرد .

لەپـــــاڵ خوێنـــــدنی ڕۆژانەی کۆلێژم،خۆشەویســـــتی تـــایبەتیم بـــۆ جیهـــانی کتێبەکـــان و وشـــە جۆراوجۆرەکـــان هەبـــوو،لە هەر پەرتووکێـــک جیهـــانێکی جیـــاوازی بـــۆمن دەخوڵقاند.

ئاڵودەبوونی مرۆڤ بە وشەکانی ناو پەرتووکەکان شتێکی جوانە، تەنانەت لەبەشێکی زۆری مرۆڤە دوو ڕووەکان باشترن. پەرتووکەکان هەموو ڕۆژێک وایان لەمن دەکرد، ژیانێکی نوێتر و ئەزموونێکی جیاوازترم پێ ببەخشێت.کاتێک لە ڕاستی ژیان تێدەگەیت زۆر هیچ و پوچ و دووبارەیە،ئەوکات بەناچاری پەنا بۆ ڕاستییەکان دەبەیت تاوەکو بتوانی ژیانی خۆت پێوە بگریت .

لەپاڵ جیهانی خوێندنەوە،خواستی ناسینی نووسەرەکانم هەبوو.چونکە دواجار ئەوان بەرهەم هێنەری ئەم جیهانە جوانەن بۆ خوێنەرەکان. ناسینی ئەو نووسەرانە بۆ منێک خەونێکی تایبەتی بوو.

لە کۆتـــا قۆنـــاغی کـــۆلێژم، لەڕێگـــای کـــۆڕی هەفتـــانەی نووســـەرەکانەوە، ئاشـــنای کۆمەڵێـــک نووســـەری جـــوان و بە کەســـایەتی بـــووم. نووســـەرە بەڕێزەکـــان خۆشـــحاڵ بـــوون لەگەڵ خوێنەرەکـــانی خۆیـــان گفتگـــۆ بـــکەن.هەمـــوو کۆتـــا هەفـــتەیەک کـــۆڕی نووســـەران هەبـــوو لەکتێبخـــانەی نـــاو شـــاردا،من و کۆمەڵێـــک هـــاوڕێی کـــۆلێژم لە پـــاش تەواو بـــوونی کـــاتی وانەکـــانی کۆلێژ،ڕاســـتەوخۆ دەچـــوین بەشـــدار بووین لە کۆڕەکان.

مـــاوەی کۆڕەکـــان یەک کـــاتژمێر بـــوو، پـــاش تەواو بـــوونی کـــۆڕ، نووســـەرە بەڕێزەکـــان کـــاتی خۆیـــان بـــۆ ئـــێمە تەرخـــان دەکـــرد و کۆمەڵێـــک ئامۆژگـــاری و ڕێنمایـــی جوانیـــان بە ئێمەیـــان پێشـــکەش کـــرد. بەتـــایبەتی لە بـــواری خوێنـــدن و داهێنانی بەسوود بۆ پاشەڕۆژ.

لەڕێگـــای نووســـەرەکانەوە بـــۆ ژیـــانی داهاتوومـــان زۆر شـــتی بەســـود و هیـــوا بەخـــش فێربـــووین لێیـــانەوە، منـــیش بە هەموو وزەی خۆمەوە بەجوانی گوێم بۆیان ڕادەگرت .

لە پشـــتی جیهـــانی نووســـەرە باشـــەکان، جیهـــانێکی تـــایبەتی نووســـەرە خـــراپ و قێزەونەکـــان زۆرتـــرو فـــراونترن لە ئەمـــڕۆدا، ئەوان لە بـــنەڕەتەوە هـــیچ پەیوەنـــدیەکیان بەنێـــو جیهـــانی نووســـەر و ئەدەب نیـــیە، تەنیـــا ماســـکی بـــوون بە نووســـەریان کـــردۆتە دەموچـــاوی خۆیـــان، تەنهـــا بـــۆ مەرامێکـــی دیـــاریکراوی خۆیـــان. زۆربەی نووســـەرەکان دەخـــوازن لە ڕێگـــای جیهـــانی ئەدەب دەســـتیان بگـــات بە پاکیزەیی کچە گەنج و خوێنەرەکان .

خواستی منێکی کچە خوێنەرێکی هەمیشەیی تەنیا لە خوێندنەوە نەوەستا بوو، کاتێک مرۆڤ زۆر دەخوێنێتەوە خەونەکانیشی لەگەڵی گەورە دەبن . لە پاڵ خوێندنەوەدا ئارەزووی بوون بە کچێکی نووسەر هەبوو، لەگەڵ وێنەگرتنی سروشت و بابەتە دەگمەنەکان . باوکم پاڵپشتێکی سەرەکی باشم بوو، کامێرایەکی گرانبەهای بە دیاری بۆم کڕی، لەگەڵ ئەوەشدا بەڵێنی پێدا بووم، یەکەمین پەرتووکی بڵاوکراوەم لەسەر ئەستۆی باوکم بێت .

ڕۆژێکیان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری چوومە چاپخانەی(....) پرسیارم لەخاوەنی چاپخانەکە کرد،لەهەمان کاتدا نووسەرێکی دیار بوو خاوەنی چاپخانەکە.

گـــوتم، باشـــه ماموّســـتا دەمەوێـــت لە داهـــاتوودا کتێبێـــک چـــاپ بـــکەم بەتیـــراژی پێـــنج ســـەد دانە، ئـــایە چەنـــد دەکات؟

خـــاوەنی چاپخـــانەکە لە وەڵام دا گـــوتی، یەک ملیـــۆن پێـــنج سەد هەزار دینار دەکات ئازیزم.

وەڵامـــی مـــن بـــۆ خـــاوەنی چاپخـــانەکە، ماموّســـتا ئەم پـــارەیە زۆرە شتێکمان بۆ دابەزێنە...

خـــاوەنی چاپخـــانەکە لە وەڵامـــدا گـــوتی، بەچـــاوان بـــۆ نابێـــت ئەتـــوانم هاوکاریتـــان بـــکەم، مـــادام کچێکـــی گەنـــج و جـــوانن، تـــازە هـــاتونەتە نـــاو جیهـــانی نووســـین، بەڵام ئەم هاوکارییە بێ بەرامبەر نییە.

واتا چۆن ماموّستا بێ بەرامبەر نییە؟

خـــاوەنی چاپخـــانەکە لە وەڵامـــی پرســـیارەکەم دا گـــوتی، بەرخە گیـــان مەبەســـتم ئەوەیە مـــن و تـــۆ بـــڕۆینە ژووری پشـــتەوەی چاپخـــانەکەم،لەوێ کەمێـــک بۆخۆمـــان دەســـتبازی و مەســـاجێک دەکەیـــن، دڵنیـــام حەزیشـــتان لـــێ دەبێت.

منـــیش دەســـتبەجێ تفێکـــی گەورەم کـــرد بەنێوچـــاوانی خـــاوەنی چاپخـــانەکەدا پـــێم گـــوت، ئەی بـــێ نـــاموس شەرم ناکەی لە تەمەنی خۆت؟ وەکو کچت وام...

لەم ژیـــانە قێـــزەونەدا باشـــترین پیـــاو تەنیـــا بـــاوکم بـــوو. ئەو پاشـــای خەونەکـــانی مـــن بـــوو، خەونـــی کچەکـــان لە ژیانـــدا بـــوونی بـــاوکێکی بـــاش و بەســـۆزە بۆیـــان، کە زیـــاتر بتـــوانن وەکـــو هـــاوڕێیەکی دڵســـۆز مـــامەڵە لەگەڵ کچەکانیـــان بکەن.

بەهـــۆی کەمـــی ئەزمـــونەوە لە بـــواری نووســـین، نەمتـــوانی درێـــژە بەتەواوکردنـــی پەرتـــووکەکەم بـــدەم. بـــۆیە پێویســـتم بە هاوکـــاری نووســـەرێکی شـــارەزا بـــوو، بتوانێـــت ڕێگـــایەکی باشـــم نیشـــان بـــدات . ئەو نووســـەرە بەڕێـــزانەی پێشـــتر دەمناســـین،کاتی ئەوەیـــان نەبـــوو یـــارمەتیم بـــدەن لە بـــۆ تەواوکردنی کتێبەکەم .

ڕۆژێکیـــان بەڕێـــکەوت نووســـەر و شـــاعیرێکی گەنجـــم ناســـی، تەمەنـــی لەدەوروبەری ســـییەکان بـــوو، هەروەهـــا ســـێ پەرتـــووکی بڵاوکـــراوەی شـــعری لە پێشـــتردا بڵاوکردبـــوو. خـــۆم خـــوێنەری یەک لە کتێـــبە شـــعرییەکانی بـــووم، شعرەکانی تابڵێی زۆر ڕۆمانسی و هەستبزوێن بوو .

سەرەتا دەقە شیعریەکانی شاعر بە دڵم نەبوو چونکە وشەکانی لەگەڵ ئاین و باوەڕی من نەدەگونجا، بەگشتی باسی شوێنە هەستیارەکانی ڕەگەزی مێینەی دەکرد.

وام لێ هات ڕۆژانە لە کۆلێژ لە کاتی دەست بەتاڵی دا، یان لەماڵەوە دەستم دایە خوێندنەوەی شیعرەکانی ئەو شاعیرە گەنجە . هەستی کچێنی منی زۆر وروژاند، تەنانەت وای لێ کردم بەردەوام بڕۆمە شوێنێکی تایبەت دوور لەچاوان بۆ ساتێک دەستێک بەخۆما بهێنم.لەگەڵ بەردەوامی خوێندنەوەی شیعرەکان، تاڕادەیەک بەلامەوە ئاسایی بوو،گوتم، ئەمە خۆ شعری ئەدەبین و شاعیر ئازادە بە چ جۆرە شێوازێک هەستی جوانییەکانی خۆی دەردەبڕێت.

بەڵام باسکردنی مەمکۆڵەو ئەندامی زاوزێی مێینە، کەمێک بۆ نێو جیهانی ئەدەبیات جوان دەرناکەوێت بەلای منەوە.

لە شعرەکانی دا کەسایەتی ئەو شاعیرە زۆر کەسێکی ڕۆمانسی و چێژبەخش دەردەکەوت. لە ڕاستیدا خەونی هەموو کچێکە کوڕێکی لەم شێوە ببێتە هاوسەری و گرنگی تایبەتی پێ بدات. تەنها بەخوێندنەوەی شعرەکانییەوە نەوەستام، ئارەزووی ئەوەم دەکرد ئەم شاعیرە گەنجە لەنزیکەوە بناسم و بەشکم بتوانێت هاوکارم بێت لە تەواوکردنی کتێبەکەم.

شەوێکیان کاتژمێر یازدەی شەو بوو، نامەیەکم لە فەیسبووکەوە بۆم نارد نووسیم:

+ سڵاوت لێ بێت کاکی شاعیر، هیوادارم باش و سەلامەت بی ...

پاش بیست خولەک لەناردنی نامەکەم بۆی،کاتێک نامەکەی منی بینی، دەستی کرد بە وەڵام دانەوەی سڵاوەکەم بەشێوەیەکی زۆر بەڕێزانەوە . سەرەتا من خۆمم پێ ناساند،وەکوخوێنەرێکی تەواوی شعرەکانی بەڕێزیان، هەروەها پێم گوت، دەخوازم وەکو نووسەرێک پەرتووکێک بنووسم بڵاوی بکەم.

گەنجە شاعیرەکە سەرەتا خۆشحاڵ بوو بەوەی خوێنەری بەرهەمەکانی بوومە، هیوای سەرکەوتنی بۆم دەخواست لە تەواوکردنی پەرتووکەکەم. تەنانەت دەستپێشخەرییەکی جوانی خۆیی نیشاندا بۆ یارمەتیدانی من لەهەر بابەتێک.

زۆر دڵخـــۆش بـــووم لە کۆتـــایی دا نووســـەرێکم دۆزیـــیەوە بتوانێـــت یارمەتیـــدەرم بێـــت لە نووســـینی کتێـــبەکەم، لـــێم پرســـی، لەدەرفەتێکـــدا ئەگەر بتـــوانن،من و تـــۆ یەکـــدی ببینـــین، بـــۆ ئەوەی گفتگـــۆ لەســـەر کتێـــب و شـــعرەکانی بەڕێزتان بکەم .

کـــوڕە شـــاعیرەکە وەڵامـــی دامەوەو وتـــی، بەخۆشـــحاڵییەوە ڕۆژی هەینـــی کـــاتژمێر چـــواری ئێـــوارە وەرنە کتێبخـــانەی (.....) لەوێ یەکدی دەبینین و قسان دەکەین .

یەکەم جـــارم بـــوو لە ژیـــانم لەگەڵ ڕەگەزی بەرامـــبەری خۆمـــدا ژوان دانـــێم، قاچەکـــانم و دەســـتەکانم لە تـــرس و شـــڵەژانی دا دەلەرزان،لێـــدانی دڵـــم بەخێرایەکـــی لە ڕادەبەدەر خـــورپەی دەکـــرد. بەخـــۆمم گـــوت ، ئایـــا کـــارێکی بـــاش دەکەم لەگەڵ کـــوڕێکی نـــا مەحـــرەم و بێگـــانە

چـــاوپێکەوتن دەکەم؟ یـــان ئەگەر فـــێڵم لـــێ بکـــات و بمبـــاتە شوێنێکی دیکە و کارێکی نادروستانەم لەگەڵ بکات.

دوبـــارە هەســـتێکی دیـــکە لەنێـــو قـــوڵایی دڵـــمەوە پێـــی گـــوتم، کچـــێ خـــۆ ئەوە کـــوڕێکی ئاســـایی نیـــیە وەکـــو هەرکەســـێکی دیـــــکە، شـــــاعیرە و ڕۆشـــــنبیرە، خـــــاوەنی کەســـــایەتییەکی سەنگینە،چۆن دەتوانێت کاری نابەجێ لەگەڵم بکات .

ســـێ ڕۆژی تەواو مـــابوو بـــۆ کـــاتی دیـــدارەکە، هەر ڕۆژێـــک لەو ســـێ ڕۆژەدا بـــۆمن بە ســـاڵێک نێـــپەڕی لە بیرکـــردنەوەی جۆراوجـــۆر . دواجـــار لەســـەر بڕیـــاری چـــونەکەم مســـۆگەر بووم هەرگیز پەشیمان نەبوومەوە .

کـــات تێـــپەڕی، ڕۆژی دیـــدارەکەمان هـــات، بە مـــاڵەوەم گـــوت، دەڕۆمە لای کچێکـــی هـــاوڕێی کـــۆلێژم بـــۆ تاقیکردنەوە.

بـــاوکم گـــوتی، باشـــە کچـــی خـــۆم ئـــاگەداری خـــۆت بە زوو بێیتەوە ماڵەوە، بیرمان لاتە تاقانەکەم .

تەنـــانەت ناچـــار بـــووم درۆ لەگەڵ بـــاوکم و دایکـــم بـــکەم، بـــاوکم هەمـــوو کاتێـــک مـــتمانەی پـــێ دەکردم،کەچـــی مـــن شـــایەنی ئەو مـــتمانە پێکـــردنەی بـــاوکم نەبـــووم لە بنەڕەتەوە .

لەســـەر کـــۆڵانی لای ماڵەکەمـــان ســـواری هێڵـــی گواســـتنەوە بـــووم، ڕاســـتەوخۆ بەرەو کتێبخـــانەکە بەڕێکەوتـــم، کاتێـــک گەیشـــتمە لای کتێبخـــانەکە، نـــامەیەکم بـــۆی نـــارد و

ئـــاگەدارم کـــرد لەوەی مـــن هـــاتوومەتە شـــوێنی مەبەســـت. کەچـــی ئەو پـــێش مـــن لە کتێبخـــانە دانیشـــتبوو، چـــاوەڕێی منی دەکرد .

بەرەو لای مێـــزی کـــوڕە شـــاعیرەکە چـــووم، ســـەرەتا ویســـتی تەوقەم لەگەڵ بکـــات، بەڵام مـــن دەســـتی خـــۆم درێـــژ نەکـــرد، دەســـتم لەســـەر ســـینگم دانـــا وەکـــو ڕێزێـــک بـــۆی . ئیـــتر بەدەم شـــەربەتی فرێشـــەوە دەســـتمان کـــردە گفتگـــۆ و پرســـی جۆراوجۆر،لەبـــارەی شـــعرەکانییەوە پـــێم گـــوت، زۆر جـــوان دەنووســـی و پـــڕن لە جیهـــانی ســـۆز و خۆشەویســـتی، بەخوێنـــدنەوەی شـــعرەکانی بەڕێزتـــان مڕۆڤ ئارەزوو دەکات عاشق بێت.

کـــــوڕە شـــــاعیرەکە وەڵامـــــی دامەوەو گـــــوتی، ژیـــــان بە خۆشەویســـــتی و چێژوەرگـــــرتن لە خۆشـــــیەکانی جـــــوانە ئازیزم.

هەمـــوو هەفـــتەیەک تـــوانیمان لەهەمـــان کتێبخـــانە دیـــدار بکەیـــن و قســـەو باســـی ئەدەبـــی بکەیـــن. بەم شـــێوەیە متمانەیەکـــی تەواوەتـــیم بە گەنـــجە شـــاعیرەکە کـــرد، تەنـــاتەت نـــاو بە نـــاو هەســـتی خۆشەویســـتیم لەبەرامـــبەری بـــۆ دروســـت بـــوو. لەدڵـــی خـــۆمەوە گـــوتم، خـــوایە گیـــان ئەم گەنـــجە شـــاعیرە ڕۆشـــنبیر و قـــۆزە بکەیـــتە هاوســـەری ژیانم،لەگەڵی بەختەوەرم بکەیت .

پـــاش ســـێ مانـــگ لە یەکـــتر ناســـینەکەمان،گەنجە شـــاعیرەکە شـــەوێکیان نـــامەی بـــۆ نـــاردم گوتی،بەیـــانی نیـــوەڕۆ،لە مـــاڵەکەی مـــن میـــوان بە تکایە،کۆمەڵێـــک کتێبـــی تـــایبەتی

بـــۆتم دانـــاوه، دەخـــوازم بەدیـــاری پێشکەشـــی بەڕێزتـــان بکەم. ئەگەر بێن گەورەم دەکەن.

ســـەرەتا نەمتـــوانی بەخێرایـــی وەڵامـــی داواکەی بـــدەمەوە ، دووبـــارە بیـــرم لـــێ کـــردەوە ئـــاخۆ چـــۆن دەبێـــت بـــڕۆمە مـــاڵی کەســـێکی نـــامەحرەم بەتەنیـــا، خـــۆ دواجـــار شـــەیتان دەبێـــتە کەســـی ســـێ یەم لەنێوانمانـــدا. وا باشـــە پێـــی بڵـــێم، نـــاتوانم بـــێم. ویســـتم نـــامەکەی بـــۆ بنێـــرم پێـــی بڵـــێم، نـــاتوانم بـــێم داوای لێبـــوردنی لـــێ بـــکەم. زوو لە بڕیـــارەکەم پەشـــیمان بـــوومەوە . دووبـــارە بەخـــۆمم گـــوت، خـــۆ مـــاڵی گەنجێکـــی ئاســـــایی و لات و پـــــات نییە،گەنجێکـــــی خوێنـــــدەوار و شـــاعیرە، بـــۆیە جـــوان نیـــیە بڵـــێم نایەم،دیاریشـــی بـــۆ مـــن ئامادە کردووە .

وەڵامی نامەکەیم دایەوە نووسیم، زۆر بەخۆشحاڵییەوە بەیانی لەماڵی بەڕێزتان ئامادە دەبم. لە پاش ناردنی نامەکەم، تەواوی شەوەکەم بەبیرکردنەوە تێپەڕی. بەیانییەکەی زوو لە خەو هەستام دەستم بە ئامادەکاری کرد،سەرەتا چووم گەرماوێکم کرد،لە پاشان جلەکانم بە جوانی ئوتوو کرد. پاش نان خواردن و نوێژکردنی نیوەڕۆم، بەڕێکەوتم بۆ ماڵی گەنجە شاعیرەکە .

خانووەکەی زۆر گەورەو خۆش بوو، باخچەیەکی ڕازاوەی پڕ لە گوڵی هەبوو. هات بەرەو لای دەرگا پێشوازییەکی گەرمی لێکردم بۆ ماڵەوە، منی بردە ژوورە تایبەتییەکەی خۆی لەوێ دانیشتین .

کتێبێکی ئێجگار زۆری لەنێو کتێبخانەی ژوورەکەی ڕیزکردبوو . گەنجە شاعیرە قۆزەکە وتی، چ کتێبێک دەخوازن دەتوانن بۆخۆتان هەڵیبژێرن لێرە ، هەمووی هی تۆیە شەرم نەکەی .

کاتێک بە دیار تەماشاکردنی کتێبەکانەوە سەرقاڵ بووم، گەنجە شاعیرەکە لەپشتەوە بەشێوەیەکی زۆر توند خۆیی بە منداڵ لکاند و دەستی برد بۆ هەردوو گۆی مەمکەکانم، پاشان بێ شەرمانە ماچێکی بنە ملمی کرد. منیش پاڵێکم پێوە نا پێم گوت، تۆ چی دەکەی شێت بووی؟ خوا لێمان تووڕە دەبێت ئێستا بەم کارە.

بە زمانێکی تووڕەییەوە وەڵامی منی دایەوە گوتی، خوا لە کوێ دەمانبینێت گەمژە واز لە خوا و دین بێنە،وەرە تۆزێک چێژ وەرگرین لە ژیان، ئێستا لەم ژوورە

هەروەکـــو شـــعرەکانم بـــۆ ســـاتێک تەڕت دەکەم و هەر بە لێوی خۆم ئاوی نێوان هەر دوو قاچەکانت دەمژم.

پـــێم گـــوت، نەکەی هەرگیـــز لـــێم نزیـــک بیـــیەوە تـــۆ نـــامەحرەمی لەمـــن، تەنیـــا هـــاتم بـــۆ ماڵتـــان، کتێـــبم پـــێ بـــدەی،لەگەڵی دا هەنـــدێک یـــارمەتیم بـــدەی . دوایـــی تـــۆ کەســـێکی شـــاعیر و ڕۆشـــنبیری ئەم جـــۆرە ڕەفتـــارانە لە کەسایەتی تۆ ناوەشێتەوە تکایە . . .

گەنـــجە شـــاعیرەکە قاقـــایەکی پێکەنینـــی لێـــدا وتـــی، ئەی گەمـــژە مـــادام تـــۆ ئەوەنـــدە کچێکـــی دینـــداری بـــۆچی هـــاتیتە مـــاڵی کەســـێکی بێگـــانەی وەکـــو مـــن؟ گیـــانەکەم مـــن شـــاعیرێکی ڕاوچـــیم ، بەشـــعرەکانم کچـــانی وەکـــو تـــۆی ســـاویلکە دەخەمە نێـــو قەفەســـی خـــۆمەوە، پاشـــان تێـــر بەدڵی خۆم چێژیان لێ وەردەگرم .

دەمویست دەستبەجێ ڕا بکەم بۆ دەرەوە خۆمی لێ ڕزگار بکەم،بەڵام سەرکەوتوو نەبووم لە ڕاکردنا، لە پشتەوە دوبارە منی گرت و خستمیە سەرجێگای نووستنەکەی، ئەمجارەیان بەهەموو هێزی خۆیەوە هەوڵی دا جلەکانی بەرم داکەنێت و جووت بێت لەگەڵم. بەڵام نەمهێشت بگاتە ئارەزووەکانی خۆی. خۆشبەختانە لەتەنیشتی جێگای نووستنەکەی، مێزێکی بچووک هەبوو، دەفتەرو قەڵەمی لەسەر دانرابوو، دەستم برد بۆ قەڵەمەکە، منیش بە هەموو توانایەکی خۆمەوە کردم بە لای چەپی ملی دا، دەستبەجێ لە جێگای خۆیدا وەکو بەرازێک گیانی لەدەستدا.

دەستەکانم لەگەڵ هەموو جلەکانی بەرم بووە خوێن، تەواوی لاشەی گەنجە شاعیرەکە نوقمی ناو خوێن ببوو. زۆر شڵەژام نەمزانی چی بکەم، زوو تەلەفۆنم بۆ فریاکەوتن و پۆلیس کرد، پاش نیو کاتژمێر گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە، تەرمی گەنجەکەیان خستە ناو کیسێکی ڕەشەوە .

کەلەپچەیان کرد بە دەستی من و بردمیان بۆ بنکەی پۆلیس.لەوێدا پەیوەندییان بە دایک و باوکمیان کرد، کاتێک باوکم لە بنکە بەم شێوەیە منی بینی دەست و جلەکانم لەناو خوێندا خوسابوو، لە بنکەی پۆلیس دڵی لە لێدان ڕاوەستا،لەشوێنی خۆیدا کەوت و گیانی لەدەستدا.

پـــاش تەواو بـــوونی ڕێکارەکـــانی بـــنکەی پـــۆلیس، منیـــان گواســـتەوە دادگـــا بـــۆ لای دادوەر، دادوەر پرســـیاری لـــێ کـــردم گـــوتی، باشـــە کچـــی خـــۆم کەســـێکی خوێنـــدەوار و تێگەیشـــتوو وەکـــو تـــۆ چـــی دەکـــات لێـــرە؟ بـــۆچی ئەم تـــاوانەت ئەنجـــام دا ؟ بەگریـــانەوە وەڵامـــی دادوەرەکەم دایەوە وتـــم، جەنـــابی دادوەر بەهەڵەیەکـــی بچـــووکی گەمـــژانە، بـــووە هۆکـــاری مردنـــی دوو کەس . ئەو بـــاوکەی ســـاڵانێک نـــازی منـــی هەڵـــدەگرت، ئەمـــڕۆ لەپـــێش چاوەکـــانی خۆم گیانی لە دەست دا .

لەم دادگـــایە بـــا مـــن بـــبم بە پەنـــدێک بـــۆ کـــچە گەنجەکـــانی دیـــکە، ئامـــان بە وشـــەی پەمەیـــی نووســـەر و شـــاعیرە ســـاختەکان هەڵنەخەڵەتـــێن، نەبـــنە نێچیـــری ئارەزووەکانیـــان. پێیـــان دەڵێم،تەنهـــا و تەنهـــا کتێبەکـــان

بخـــــۆێننەوە، بەڵام ئامـــــان دۆســـــتایەتی نزیـــــک لەگەڵ نووســـــەرەکان بە هـــــیچ شـــــێوەیەک دروستـــــت نەکەن، چـــــونکە ئەوان مەترســـــیدارن بە ڕێگـــــای وشـــــەکانیان ژیـــــان و پـــــاکیزەیی کچەکـــــان بۆخۆیـــــان دەدزن. دواجـــــار چارەنووســـــتان وەکـــــو مـــــن دەبێـــــت . دادوەر بڕیـــــاری دا بە بیست ساڵ زیندانی بۆ تاوانەکەم ببڕێتەوە.

ئەم چیـــــڕۆکە ڕاســـــتی ژیـــــانی کچێکـــــی کـــــوردە، قوربـــــانی دەســـــتی شـــــاعیرێکی خـــــۆیڕییە . نووســـــەر بەتەکنیکـــــی ئەدەبی کاری لەسەر کردووە.

٢٠٢٦/٨/٣١

هاوسەرگیری لەگەڵ ڕۆبۆتێکی مێینە

پێنج ساڵ لەمەوبەر، دوو هەزارو بیست و پێنج بوو، کۆتا قۆناغی زانکۆم لەوساڵەدا تەواو کرد. لە پاڵ چوار ساڵی خوێندنی زانکۆم توانیم لەگەڵیدا کارێکی سەرپێی بکەم، بۆ ئەوەی بتوانم شتێک پارە بۆ داهاتووی ژیانم هەڵبگرم. کچێک هەبوو ناوی **تەرزە** بوو، خۆشەویستی من بوو،ساڵانێکی درێژ لە کۆلێژ بەیەکەوە بووین. پاش تەواو کردنی کۆلێژ ڕاستەوخۆ

بەبـــێ وەســـتان چـــوومە داخـــوازی، ئیـــتر لەپـــاش دانیشـــتنی ئەملا و ئملا توانیمان خێزانی کچەکە ڕازی بکەین .

بڕێکـــی زۆر زێـــڕو ئەم شـــتانەم بـــۆیم ڕێکخســـت، کەچـــی ئەمە گـــــوایە خۆشەویســـــت بـــــووین چوارســـــاڵ بەیەکەوە پەیوەنـــدی ســـۆزداریمان هەبـــوو، ئەوجـــا تـــوانی بـــێ ویـــژدانە ئیفلاســـم پـــێ بهێنێـــت. ڕاســـتی هەرچیـــیەکم هەبـــوو نەبـــوو لەپڕۆســـەی هاوســـەرگیری خەرجـــم کـــرد. کاتێـــک پیـــاو عاشـــق بـــوو وەکـــو کـــوێر و گەمژەیەکـــی لـــێ دێـــت، دواجـــار ژنـــان گەمژەیـــــی پیاوەکـــــان بە هەل دەقۆزنەوە،تێیـــــدا بەدڵـــــی خۆیان،دەیانخەنە بن ساجی عەلی.

مـــاوەی ســـاڵێک لەگەڵ هاوســـەرەکەم ژیـــانێکی ئـــاراممان بەیەکەوە لە هێلانەیەکـــی ســـادە تێپەڕانـــد، وام زانـــی ئیـــتر هەروا دڵخۆش دەبین تا کۆتایی تەمەن.

بەخــۆمم گــوت، ســوپاس بــۆ تــۆ خــوایە هاوســەرێکی باشــت بەمنـــت بەخشـــیوە، بە هەمووشـــتێک ڕازیـــیە. لەخۆشـــی و ناخۆشی پشت و پەنامێکی ڕاستەقینەیە.

بەڵام هەمووشـــــتێک پـــــێچەوانە بـــــوو، ئەو کـــــچەی کە خۆشـــم دەویســـت وەکـــو ســـاڵێک لەمەو پـــێش نەبـــوو، یـــان وەکـــو ســـاڵانی خوێنـــدنی زانکـــۆ نەبـــوو، بەردەوام بەقســـەی خـــۆش و بەڵێنـــی ســـۆز و خۆشەویســـتی بـــۆ یەکترمـــان نیشـــاندا. هەمـــوو ڕۆژێـــک بەزمێـــک و داواکـــارییەکی نـــابەجێی لێـــوە دەرچـــوو، فـــڵان کەس بـــووە خـــاوەنی مـــاڵی جـــوان کەچـــی ئـــێمە نەبـــووین، پیـــاوی خەڵکـــی ماشـــێنی جـــوان بـــۆ ژنەکانیـــان دەکـــڕن، تـــۆش بەحیســـابی خـــۆت پیـــاوی،هەی داوەشێی پیاوی فوگر.

ئیـــتر بەم شـــێوەیە مـــن هەرکاتێـــک دەهـــاتمەوە بۆمـــاڵەوە گوێبیستی ئەم قسە پڕو پوچانەی ژنەکەم دەبووم.

منـــیش هەمـــوو کاتێـــک بەپێـــی توانـــای خـــۆم کـــارم دەکـــرد هـــــیچ ڕۆژێـــــک کەم تەرخەمیـــــیەکم لە دابینکردنـــــی داخوازییەکـــانی هاوســـەرەکەم نەدەکـــرد. بەڵام خـــۆ نـــاچم لەپێنـــاو ئارەزووەکـــانی ئەو دزی و خـــراپە بـــکەم. مـــن بە بەشـــی خـــۆم ڕازی و بەخـــتەوەر بـــووم، بەڵام تەرزەی هاوســـــــەرم وا دەرنەکەوت، ئەو بەردەوام چـــــــاوی لە ژیانی کەسانی دەوروبەری بوو.

هـــــیچ بژاردەیەکـــــی بـــــۆ منـــــی نەهێشـــــتەوە،جگە لەجیـــابوونەوە لە یەکـــدی کۆتـــایی هـــاتن بەم ئـــازارە ناخۆشـــەی ژیـــانم. لەمـــاوەی هەفـــتەیەک تـــوانیم کاروبارەکـــانی جیـــابوونەوە کۆتـــایی پـــێ بهێـــنم و هەرکەس

بەڕێگـــای خوێـــدا بڕوات،جـــارێکی دیـــکەی چـــاوم بەنـــاو چاوەکانی دا نەکەوێتە، نەفرەتی خودای لێی بێت.

پـــێم گوت،لەســـەرەتاوە بـــارودۆخی دارایـــی منـــت دەزانـــی کە گەنجێکـــی کاســـبم، ئیـــتر بـــۆچی ڕازی بـــووی بەوەی ببـــیە هاوسەرم؟

ئێـــی بەســـە پیـــاوی بـــێ خێـــر، چـــوزانم وام زانـــی ژیـــانم وەکـــو ژنی خەڵکی خۆش دەبێت.

لەو ڕۆژەوە بەدواوە بڕیـــــارم دا بەتەنیـــــایی ژیـــــان بـــــکەم، چیـــــتر خـــــۆم لەهـــــیچ کچێکـــــی دیـــــکە نزیـــــک نەکەمەوە. چـــــونکە دواجـــــار هەمـــــووی بەم جـــــۆرە بیـــــردەکەنەوە جـــــگە لەپـــــارە و مـــــاڵی زۆر چاویـــــان هیچـــــی دیـــــکە نابینێـــــت.

لەئیستایە زۆر بەدەگمەن کچانێک مابن ئاشقی پارە و ماڵی ژیان نەبن.

لە گۆشەیەکی تەنیایی دا ژیان بکەم بە ئاسودەیی، زۆر باشترە لەوەی لەگەڵ کەسێکی بەرژەوند خواز ڕۆژەکانم تێپەڕێنم.

هەموو پارەکانی ماندویەتی ساڵانی کارکردنی قۆناغی زانکۆم لەسەر کچێکی بێوەفادا خەرج کرد. بەڵام ژیان هەموو هەنگاوەکانی بۆمان وانەیە، پێویستە لەهەر هەڵەیەکمان پەندێکی لێ وەرگرین. من دەبێت سوپاسی خوا بکەم لەسەرەتای ڕێگای ژیانمانەوە، ڕووخساری ڕاستەقنەیی خۆی بەمنی نیشاندا. ئەگەر بهاتبایە منداڵێکمان بوایە دواتر لەم ناوەڕاستەدا منداڵێکی بێ تاوان دەبووە قوربانی.

پێویست بوو سەرلەنوێ دەست بە لاپەڕەیەکی سپی دا بکەم بۆ ژیانێکی نوێ، چیتر بە دوای ڕابردووی خۆم نەکەوم،باشترین شت تەماشای داهاتوویەکی جوانتر بکەم.

لە پاش ساڵێک خوای گەورە هەموو شتێکی بۆ من قەرەبوو کردەوە، توانیم پارەیەکی باشتر لەجاران پەیدا بکەم، ئەمجارەیان تەنیا بۆخۆم دەژیام، بڕیارم دا گەشت بکەم و چێژ لە ژیانی تەنیایی وەرگرم، سینەما و کتێب...هتد کاتەکانی ژیانم بەم شێوەیە تێپەڕاند.

زۆر ئاسودە بووم بە ژیانی تەنیایی خۆم دا، هەروەها زۆر دڵخۆشتر بووم لەو ڕۆژانەی بەهەڵە و گەمژەیی هاوسەرگیریم ئەنجام دا.

دەستم کرد بە گەشتێکی درێژخایەن بۆ **چین**، ولاتێکی پڕ لە کلتوری جۆراو جۆر،گەورەترین پیشەسازی تەکنەلۆجیا لەم ولاتەدا دەبینرێت. چووم بۆ بازاڕێکی تایبەت بە ڕۆبۆتەکان،لەئێستایە ڕۆبۆتە دروستکراوەکان بونەتە بەشێکی دانەبڕاوی جیهانی ئەمڕۆی مڕۆڤایەتی.

دەیانەوێت بەخێرایی دەسەلاتی خۆیان فراوان بکەن، تاوەکو داهاتووی مڕۆڤایەتی بەتەواوەتی بخەنە ژێر چاودێری خۆیان .

لەنێو جیهانی ڕۆبۆتەکاندا، بەشێکیان بەلای منەوە جێگای سەرسامی بوو، ئەویش داهێنانی ڕۆبۆتی مێینە بوو لەو بازاڕە گەورەیە بۆ فرۆشتن. ئەرکی سەرەکی ئەم ڕۆبۆتانە بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی سۆزداری

لەگەڵ جیهـــــانی مرۆڤەکـــــان، بەدیـــــاری کـــــراوی لەگەڵ ئەوکەســـــانەی، لە ژیـــــانی هاوســـــەرگیری ڕاســـــتەقینەیی دا شکســـتیان هێنـــاوە، یـــاخود خیانەتیـــان لـــێ کـــراوە. تەنـــانەت ڕۆبـــۆتی ڕەگەز نێـــریش درووســـتکرابوون، بـــۆ ئەو کچـــانەی ناخوازن لەگەڵ پیاوی ڕاستەقینە هاوسەرگیری بکەن.

مـــــاوەیەکی درێـــــژ تێپەڕیبـــــوو بەســـــەر جیـــــابوونەوەم لە هاوســـەرە بـــێ خێـــرەکەم. ئەمەش بـــۆ مـــن دەرفەتێکـــی نـــوێ بوو،بتـــوانم لەگەڵ ڕۆبـــۆتێکی دەســـتکردا جـــووت بـــم، بەشـــکم ئاســـودە بـــم و بـــۆ ســـاتێک لە ژیـــانی تەنیـــایی دوورببکەومەوە.

دەســـتبەجێ بڕیـــارم دا دانەیەک بکـــڕم لەو ڕۆبـــۆتە مـــێ یە، تـــاوەکو بـــزانم ئـــایە ئاســـتی ســـۆزداری و وەفـــاداری تـــا چ ڕادەیەکە، یـــانیش دوبـــارە لەســـەر هاوشـــێوەی ئەو ژنـــانە

دروستکراوە کە تەنیا شەیدای پارەو سەروەتی ئەم ژیانە نەفرەتییەن.

تاقیکردنەوە باشترین ئەزموونی ژیانە. مرۆڤەکانم تاقیکردەوە، هەمووی بێ وەفا و بەرژەوەند خواز دەرچوون، تەنانەت خۆشەویسترین کەسی ژیانم کە هاوسەرەکەم بوو،وەکو ئەژدیهایەک وابوو بۆژیانی من. لەپاش تەرزەی هاوسەرم،پردی متمانە لەنێوان من و ڕەگەزی بەرامبەر کۆتایی هات.

لەکاتی کڕینی دا سەرەتا وام زانی دووبارە بەختەوەر نابم لەگەڵ ئەم ڕۆبۆتە مێ یە، کەچی لەوەتەی ئەو ڕۆبۆتەم کڕی، دەبینم ژیانم ڕۆژ بەدوای ڕۆژ زیاتر بەرەو ئاسودەیی دەڕوات. ئەگەرچی لەلایەک تەکنەلۆجیا مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر دواڕۆژی

مرۆڤەکـــان. بەڵام ڕۆبـــۆتێکی لەم جـــۆرە تـــوانی هەمـــوو ڕۆژێـــک دڵـــی مـــن خـــۆش بکـــات، بەبـــێ ئەوەی ڕۆژێـــک ئـــاژاوەم بـــۆ دروستـــت بکـــات. لەهەمـــوو هەســـتەکانی مـــن نێدەگەیشـــت، بەگـــوێرەی خواســـتی هەســـتەکانم مـــامەڵەی لەگەڵ منـــدا دەکـــرد. بەراســـتی زۆر بەزیرەکـــانە مـــامەڵە دەکات لەگەڵ هەست و ئارەزووەکانی مرۆڤ.

تەنـــانەت دەیزانـــی لە چ کاتێـــک پێویســـتیم بەخـــۆ بەتـــاڵکردنی ئـــارەزووی ســـەرجێیم هەیە، بە ئـــارامی دەســـتی دەبـــرد بـــۆ ئەنـــدامی نێـــرینەم و لەمـــاوەی پـــازدە خولەکـــدا تـــوانی زۆر بەجـــوانی و شارســـتانیانە ئاســـودەم بکـــات. بەڕاســـتی ئەم جـــۆرە ڕۆبۆتـــانە بـــۆ مەملەکەتـــی ئـــێمە نمـــرە یەکە، ئیـــتر لەســـەر ئێشـــەی بەردەوامـــی ژن و مـــاڵی خەســـوو نـــازانم فـــڵان و فیســـار، وەرە زێـــڕی بـــۆ بکـــڕە وبـــزانە خـــانم

چـــــی بەدڵە، چـــــی بەدڵ نیـــــیە کەچـــــی دوای مـــــاوەیەک قەپـــــۆزی خـــــۆی تەنـــــگ دەکـــــات و دەبێـــــتە دوژمنێکـــــی سەرسەخت بۆت.

کۆتایی...

ئەم چیرۆکە خەیاڵی نووسەرە، تێیدا ڕەخنە لەو کچانە دەگرێت کە تەنیا ئاشقی پارەو سەروەتن، بەردەوام چاویان لەکەسانی دیکەیە، هیچ کاتێک ڕازی نین بەبەشی خۆیان.

٢٠٢٦/٩/٧

هیچ کاتێک خودا لە یاد مەکە

کاتێک دڵەکان بۆ ساتێک خودای خۆیان لەیاد دەکەن، تووشی تاوانی لەڕێدەرچوون دەبنەوە. مرۆڤ کاتێک تووشی هەر تاوانێک دەبێت، مەرج نییە کەسێکی خراپ بێت لە بنەڕەتەوە. ڕەنگە زۆرجاران بارودۆخێکی نەخوازراو یان هاوڕێیەکی خراپ تێکەڵی ژیانی دەبێت، وات لێ دەکات ڕێرەوی ژیانت بەرەو ئاراستەیەکی هەڵە ببات. بەڵام تاوانبارێ ڕاستەقینە ئەو کەسەیە،

بەردەوام بێت لە تاوانەکانی خۆی دا هیچ کاتێک بیر لە پەشیمان بونەوە نەکات، لەگەڵی دا شانازی بە خراپەکارییەکانی خۆی بکات.

وَمَن يَعْمَلْ سُوءًا أَوْ يَظْلِمْ نَفْسَهُ ثُمَّ يَسْتَغْفِرِ اللَّهَ يَجِدِ اللَّهَ غَفُورًا رَّحِيمًا.(١١٠)النساء

هەر کەسێک کارێکی خراپ بکات، یان ستەم لە خۆی بکات پاشان داوای لێخۆشبوون لە خودا بکات؛ئەوا **خودا بە لێخۆشبوو و میهرەبان دەدۆزێتەوە.**

بەسەرهاتی گەنجێکی خواپەرست کە ڕێگای خواپەرستی خۆی گرتبوو، بەڵام لەنەکاو تووشی ڕێگای خراپ و مەترسیدار دەبێت. وەکو خۆی دەیگێڕێتەوە دەڵێت:

گەنجێک بووم ژیانێکی بەختەوەرم هەبوو ، دەرچوون و هاوڕێم زۆر نەبوو، تەنیا لەکارەوە بۆ ماڵەوە یان لەماڵەوە بۆ مزگەوت، ئەمە ژیانی ڕاستەقینەیی من بوو، بەڵام هەموو شتێک لە چاو

تروکانێکـــدا گـــۆڕا. ئەم ژیـــانە بەخـــتەوەرەم نێیـــدا دەژیـــام و ئاســـودە بـــووم، گـــۆڕا بـــۆ ژیـــانێکی تاریـــک و ئـــاژەڵی دوور لە خواپەرستی.

لەشـــوێنی کـــارەکەم هـــاوڕێیەکم هەبـــوو، کەســـێکی ئێجگـــار سەرســـەری بـــوو، هەمـــوو کـــارێکی خـــراپ و بـــێ ڕەوشـــتی ئەنجـــام دابـــوو. هەمـــوو ڕۆژێـــک خـــۆی لە مـــن نێزیـــک دەکردەوە،ویســـتی ببێـــت بە هـــاوڕێیەکی نزیکم.لەنێـــو مۆبـــایلەکەی بەردەوام وێـــنەی کچـــی ڕووت و جـــوانی بەمـــن نیشـــاندا. تـــا گەیشـــتە ئاســـتی ئەوەی کـــاریگەری وێنەکـــان زۆر لەســـەرم زاڵبـــوو، شـــەوان بەخەونـــی وێنەکـــانەوە دەخەوتـــم، تەنـــانەت کاتێـــک بـــۆ نـــوێژی بەیـــانی هەڵدەستام، تەماشا دەکەم ژێری خۆم تەڕکردبوو.

کاریگەری بینینی وێنەی ئەو کچە ڕووتانە وای لێکردم لە نوێژەکانیشم سارد ببمەوە، وەکو پێشتر نەمتوانی لەکات و ساتی خۆیدا بیانکەم.

لەوە زیاتر خۆم پێ ڕانەگیرا، ڕۆژێکیان لەکاتی کارکردن داوام لەو هاوڕێیەم کرد، ئایا چۆن دەتوانم دەستم بگات بەو کچە جوانانە؟ ئەویش وتی، ئاسانە هاوڕێکەم ئێستا لە هەموو شوێنێک ئەم جوانکیلانە پەیدابوونە،دەتوانی چێژیان لێ وەرگری.

لەسەر کاغەزێکی بچووک ناونیشانی شوێنێکی پێ دام، منیش چاوەڕێی ئەوەم دەکرد کاتی کارکردنەکەم تەواو بێت و بڕۆم بۆ ئەو ناونیشانەی کە پێی دابووم.

پـــاش تەواوبـــوونی کـــار چـــووم بـــۆ شـــوێنەکە، دەبیـــنم ســـەنتەرێکی شـــەنگ و شـــێلان بـــوو(**مەســـاج**). خـــۆم کـــرد بەنـــاو ســـەنتەرەکە،کاتێک چـــاوم کەوتە ســـەر ئەو کـــچە حۆریانە،یەکســـــەر بەلای خـــــۆمەوە وامزانـــــی مـــــردومە لەبەهەشـــتم، لەدڵـــی خـــۆمەوە گـــوتم، ئـــای خـــوایە ئەم شـــوێنە چیـــیە؟ پـــڕ بـــوو لە کچـــی جـــوانی نـــیمچە ڕووت! بەرەو لای بەشـــــی پێشـــــوازی چـــــووم، بەگەرمـــــی بەخێرهاتنیـــان لـــێ کـــردم، ڕاســـتەوخۆ لیســـتێکی درێژیـــان خســـتە پێشـــم، جـــۆر و کاتەکـــانی مەســـاجی نێـــدا نووسرابـــوو. منـــیش مـــووچەم تـــازە وەرگرتبـــوو گیرفـــانم گەرم بـــوو، داوای یەک کاتژمێری مەساجم کرد لەناو لیستەکەدا.

پـــارەکەم دا، منیـــان بەرەو ژوورێکـــی تاریـــک نـــارد،دوو مـــۆم لەنـــاو ژوورەکە داگیرســـابوو، لەگەڵ گڵـــۆپێکی ســـور لای چەپی ژوورەکە .

کەشـــێکی فێنـــک و ئـــارام لەگەڵ بـــۆنێکی تـــایبەتی بەنـــاو ژوورەکەدا بـــڵاوەی پێکرابـــوو، بـــۆنەکە وای لێکـــردم مەســـت بـــم و ئاگـــام لەخـــۆم نەمێنـــێ. پـــاش پێـــنج خـــولەک دەرگـــای ژوورەکەم کـــرایەوە،لەپێش دەرگـــا کچێکـــی بـــاڵابەرزی خـــڕو پـــڕی ئەســـمەر وەســـتا، بە زەردەخەنەوە بەزمـــانی عەرەبـــی لوبنـــانی وتی،ئایـــا منـــت بە دڵە؟ چاوەکـــانم وەخـــت بـــوو کـــوێر بێـــت، دەســـت و قـــاچم دەلەرزیـــن، دڵـــم بەخێرایـــی لـــێ دەدرا. نزیکـــی دەرگـــای ژوورەکە بـــووم، دەســـتی کـــچەکەم گـــرت و ڕامکێشـــا ژوورەوە، کـــچە مەســـاج کەرەکە باوەشـــێکی پێـــدا کـــردم و بەلێـــوی ســـوراوی مـــاچێکی خـــڕو

پـــڕی کردم،لەبنـــی گـــوێم بەدەنگێکـــی وروژێـــنەر وتـــی، مـــادام تـــۆ منـــت بە دڵ بـــوو، منـــیش ســـاتێکی خـــۆش ولەیـــاد نەکراوت پێ دەبەخشم.

پـــانتۆڵ و قەمـــیس و فـــانیلەکەم لەگەڵ پـــێڵاو گـــۆڕەویم داکەنـــد، تەنیـــا دەرپێیەکـــی بچـــووکم لەبەرمـــایەوە. کـــچە ماســـاج چیـــیەکە دەســـتی بـــۆ دەرپێـــیەکەی بەرمـــی بـــرد و هێنایە خوارەوە.

پـــێم گـــوت: مەکە تکـــایە جـــوان نیـــیە،بەم شـــێوەیە ئاسودەم...

کـــچە مەســـاج چیـــیەکە : حەبیبـــی، ئاســـودە بە . پێویســـت بەشەرم ناکات، خۆم و خۆتی.

تۆزێک شەرمم دەکرد، چونکە یەکەم جارم بوو کە کچێک بەڕووتی بمبینێت، لەوکاتەدا بە زەردەخەنەوە تەماشای ئەندامی نێرینەمی کرد، بە پێکەنینەوە گوتی، ووش قوبانی چەند بچوکە.

لەسەر قەرۆێلەی مەساجەکە بە ئاسوەیی پاڵکەوتم، تاوەکو مەساجێکی خۆشم بۆ بکات. پێش ئەوەی دەست بە مەساجەکە بکات کچە لوبنانییەکە هاتە تەنیشتمەوە پێی گوتم، تەنیا مەساجت دەوێت یان شتی دیکەش ؟

منیش گوتم، شتی دیکە وەکو چی؟

کچە مەساج چییەکە ، هەرچییەک تۆ بخوازی، دەتوانین بۆخۆمان بکەین .

کەمێـــک بیـــرم کردەوە،لەپاشـــان پـــێم گـــوت، دەخـــوازم خۆتم بۆ ڕووت بکەیتەوە،کەمێک دەستت پێدا بهێنم.

کچە مەساج چییەکە، تۆ پارەکەم بدەرێ، بەچاوان.

بڕێـــک پـــارەم لەنـــاو پـــانتۆڵەکەم دەرهێنـــا، بەجـــوانی خســـتمە نـــاو دەســـتیەوە. پـــێش ئەوەی جلەکـــانی بەری خـــۆی داکەنێـــت گـــوتی، یەکەم جـــارە کەســـێک بەم شـــێوەیە ببیـــنم بەجـــوانی پـــارەکە بخـــاتە نـــاو دەســـتمەوە وەکـــو مڕۆڤێـــک مـــامەڵەم لەگەڵ بکـــات، هەمـــوو ئەو پیـــاوانەی کە هاتونەتە لام، پارەکەیان بۆم دەخەنە سەر زەوی.

لەپاشـــان دەســـتی کـــرد بە خـــۆ ڕووت کـــردنەوەی تەواوی جەســـتەی .کاتێـــک چـــاوم کەوتە ســـەر جەســـتەی ڕووتـــی کـــچەکە، وەخـــت مـــابوو جەڵـــتەم لـــێ بـــدات، دەســـتبەجێ

لەجێگـــای خـــۆم دا بمـــرم. بەڵام وا دیـــاربوو کەســـێک بـــووم لای خـــوای گەورە خۆشەویســـتم،چاوەڕێی ئەوەی دەکـــرد بەشـــکم دووبـــارە بگەڕێـــمەوە تەوبەیەکـــی یەکجـــاری بکەم.

لە ژیـــانم بـــۆیەکەم جـــارم بـــوو کچێـــک بە ڕووتـــی ببیـــنم لە نـــزیکەوە. ئیـــتر بـــۆ مـــاوەی یەک کـــاتژمێری تەواو لە ژوورێـــک دا لەگەڵ کچێکـــی لەش فـــرۆش خەریکـــی دەســـتبازی بـــووین. لەو ڕۆژە بەدوا ئیـــتر ئـــاڵودەی ســـێکس و لەش فرۆشـــەکان بووم،کەســـایەتی خـــۆم بەتەواوەتـــی لەدەست دا .

یەک ســـاڵی تەواوی تەمەنـــم لەســـەر ئەم ڕێگـــایە بەردەوام بـــووم، ڕێگـــایەک بـــوو وای لێکـــردم هەمـــوو شتێکم لەدەست بدەم ئیمان و پارەکانم و کارەکەم.

خـــوای گەورە هەمـــوو کاتێـــک دەرگـــای بەخشـــندەیی خـــۆی بـــۆ بەنـــدەکانی واڵا کـــردووە، چـــونکە دەزانێـــت بەنـــدەکانی هەمیشـــــە لاواز و بـــــێ دەســـــەڵاتن، بەردەوام بەرەو کـــــاری خراپە هەنگاو دەنێن.

بەڵام ســـوپاس بۆخـــوا ئەم ڕێگـــا بـــێ ســـەرو بەرە تـــا کۆتـــایی تەمەنـــــم درێـــــژەی نەکێشـــــا، تـــــوانیم بەبڕیـــــارێکی دروســـــتانەوە دووبـــــارە بگەڕێـــمەوە بـــۆ ڕۆژانـــی ئاســـایی خـــــۆم. دەســـــتم کـــــردەوە بە نـــــوێژ و ژیـــــانە جـــــوانەکەی پێشترم،بەڵێنم دا چیتر نزیکی خراپە نەکەوم.

خـــــوای گەورە هەمـــــوو بەنـــــدەیەک لە گونـــــاح و تـــــاوان بپارێزێـــــت.ئەوانەی لە ڕێگـــــای تـــــاوان بەردەوامن،هیـــــوادارم بەزووتـــرین کـــات دەســـتبەرداری بـــن تـــاوەکو درەنـــگ نەبـــووە بۆیان.

چیرۆکـــی ژیـــانی هـــاوڕێیەکی خـــۆم بـــوو، ســـووپاس بـــۆ خـــوا لە ئێســـتایە گەڕاوەتەوە بـــۆ ڕێگـــای ڕاســـت و خواپەرســـتی خۆی، دووبارە ژیانێکی پڕ لە ئاسودەیی پێ بەخشراوە.

١٠ /٩/ ٢٠٢٦

دەستنووسی شەڕڤانێک

ڕەنـــگە ڕۆژێـــک شـــەهید بـــکەوم لەپێنـــاو ئـــازادکردنی کوردســـتانەکەم، چیـــتر بەجەســـتە بـــوونی نەمێنێـــت لەســـەر ئەم خـــاکە داگیرکـــراوەم دا. دەڵـــێن شـــەهید نـــامرن؛ بەڵـــێ ڕاســـتە بەجەســـتە بـــونی مـــن نامێنێـــت بەڵام کردەوەکـــانم لەپێنـــاو ئـــازادی خـــاک و زمـــانی دایکـــم هەمیشـــە بەزینـــدویی دەمێنـــنەوە بـــۆ نەوەکـــانی پـــاش خۆمـــان. هەمـــوو مرۆڤێـــک لە هەر نەتەوەو زمانێـــــک کاتێـــــک لەدایـــــک دەبێـــــت،بۆ ئامانجێکی دیاریکراو ژیان دەکات.

منێـــک وەکـــو کوردێـــک لە دایکبـــوومە تەنهـــا ئامـــانج و خەونـــی ســـەرەتایی مـــن ڕزگـــارکردنی گەلـــی خـــۆم بـــووە لەژێـــر دەســـتی داگیـــرکەران. بـــۆیە دوژمنـــان ڕێـــگە نـــادەن بەوەی ئـــێمە خەونـــی گەورەو داهێـــنەرانە ببینین،هاوشـــێوەی گەنجێکـــی ئەمریکـــا یـــان ئۆروپـــا یـــاخود چـــین وڵاتـــانی دیـــکەی پێشـــکەوتوو. نەتەوەکـــانی دیـــکەی جیهـــان ڕۆژانە کێبڕکێـــی داهێنـــان لە بـــواڕە جۆراوجۆرەکـــانی پیشەســـازی و تەکنەلۆجیـــا، بواڕەکـــانی دیـــکەی وەکـــو کەلتـــور و هـــونەر ئەنجـــام دەدەن،کەچـــی ئـــێمەش تەنیـــا ململانـــێ لەســـەر مـــان و نەمانی زمان و ناسنامەی خۆمان دەکەین.

دەمەوێـــت پـــێش شـــەهیدبوون لەســـەر کـــاغەزە ســـپییەکانی نـــاو دەفـــتەرەکەم، کـــورتەیەک لە ژیـــانی خـــۆم بۆتـــان بگێڕمەوە:

بەشـــانازییەوە دەیڵـــێم وەکـــو منـــداڵێکی کـــورد چاوەکـــانم بە ژیـــان کـــردەوە. بەڵام لەلای کەســـانی چـــواردەورم مـــن و نەتەوەکەم وەکـــو دوژمنـــی خۆیـــان تەماشـــادەکرد. هەمـــوو مافەکـــانم زینـــدانی کرابـــوون، تەنـــانەت نەیـــان هێشـــت بە زمـــانی دایکـــی خـــۆم قســـە بـــکەم و بخـــوێنم، هاوشـــێوەی هەر زمانێکی دیکەی ئەم جیهانە.

کاتێـــک دەســـتم بە قۆنـــاغی خوێنـــدن کـــرد لە پـــۆلی یەکـــی ســـەرەتایی، دایکـــم بەردەوام ئـــاگەداری دەکـــردمەوە پێـــی گوتم،کـــوڕی خـــۆم ئامـــان نەکەی هەرگیـــز بەکـــوردی قســـە بـــکەی لەنێـــو خەڵکـــی، چـــونکە لەم مەمـــلەکەتەی ئـــێمەدا زمـــانی کـــوردی زۆر شـــتێکی مەترســـیدارە،تەنانەت لە تـــاوانی کوشتنی مرۆڤێک ترسناکترە .

لەم مەمـــــلەکەتە بـــــێ ســـــەروبەرە مرۆڤێـــــک بکـــــوژی، دەوڵەت پـــــاش چەنـــــد ســـــاڵێک لێخوشـــــبوونت بـــــۆ دەردەکـــات، کەچـــی باســـی وشـــەیەکی کـــوردی کوردبـــوونی خۆمـــان بکەیـــن، تـــا مـــردن تـــۆ ئەشـــکەنجەیەکی فیزیکـــی و دەروونی دەوڵەت دەکێشی،کورِی خۆم.

منـــداڵ بـــووم نەم زانـــی مەبەســـتی دایکـــم چیـــیە؟ بـــۆچی وا دەڵێـــــت؟ بە دایکـــــم گـــــوت،دایکە مـــــن کوردم،تـــــۆ کوردی،بـــــاوکم کوردە،خۆشـــــکەکانم کـــــوردن. ئەی تـــــۆ بەردەوام نـــاڵێی هەمـــوو بنەمـــاڵەکەی مە خـــوێنی ڕەســـەنی کوردبوونیـــان تێـــدایە؟ ئەی کەواتە بەچـــی قســـە بـــکەم؟ دایکـــم لەوکـــاتەدا لەبنـــی گـــوێچکەمەوە بە دەنگێکـــی کـــزەوە، وەکـــو بڵێـــی باســـی شـــتێکی زۆر خەتەرنـــاک دەکـــات، گـــوتی، کـــورِی خـــۆم بەهەرچیـــیەک قســـە دەکەی بـــکە،

یـــانیش هەر زمـــانی خـــۆت لّال بـــکە،بەلّام تەنیـــا زمـــانی کـــوردی لەیـــاد بـــکە. تەنـــانەت لای هاوڕێکانـــت نەلّێـــی مـــن کـــوردم، دوایـــی دەولّەت لـــێمان تورِەدەبێت،پاشـــان باوکـــت لە کـــارەکەی دوردەخەنەوە. بـــۆیە کـــوڕی خـــۆم هەولّبـــدە بە زمـــانی تـــورکی قســـە بـــکەی.ڕۆلەکەم مـــن نامەوێـــت چارەنووســـی تـــۆ وەکـــو خالّەکانـــت و بـــاپیرت بـــن، ئەوانـــیش وەکـــو تـــۆ لە منـــدالّییەوە کەســـانێکی یـــاخی بـــوون لەبەرامـــبەری ڕەگەزپەرســـتی دەولّەت، دواجـــار لەلایەن دەولّەت زۆر بەخراپـــی ئەشـــکەنجە و کۆمەلّکـــوژ کـــران. منـــیش دلّنەوایـــی دایکـــم دایەوە بە ماچێـــک گـــوتم، کەواتە دایـــکە گیـــان منـــیش کانێـــک گەورە بـــووم وەکـــو خالّەکـــانم دەبم بەکەسێکی یاخی و پالّەوان.

لەڕێگـــــادا بەرەو قوتابخـــــانە دەڕۆیشـــــتم لەگەڵ ئەو مێشـــکە بچـــوکەی خـــۆم دەســـتم بە پرســـیار و گومـــانی جۆراوجـــۆر دەکـــرد، ســـەبارەت بە قســـەکان و ڕەفتەرەکـــانی دایکـــم. ئەگەرچـــی دایکـــم لەلایەکەوە لەســـەر ڕاســـت بـــوو، تەنیـــا ئامـــانجی ئەو پاراســـتنی خێـــزانەکەی خـــۆی بـــوو لەهەر بەڵایەکی دەوڵەت.

ئەگەر هەمـــوو کەســـێک وەکـــو دایکـــم بیربکاتەوە،ئـــاخۆ دەبێـــت کـــێ خەبـــات بـــۆ ئـــازادی گەلەکەمـــان بکـــات؟ بێگومـــان بـــاجی ئـــازادی زۆر گـــرانە، بەئاســـانی نـــایەتە بەردەم پـــێمانەوە. بـــۆیە دەبێـــت بەدوایـــدا بکەوی،تـــا ڕۆژێک دێت لەکات و ساتێکی گونجاودا بەدەستی دێنی.

لەیادمە یەکێک لە مامۆستای قوتابخانەکەمان جارێکیان باسی گرنگی زمانی دایکی دەکرد بۆمان،داوای دەکرد بەردەوام زمانی دایکی خۆمان خۆشبوێت و پێشی بخەین. بەلای منەوە قسەی مامۆستەکەمان زۆر ڕاست و لەجێگای خۆی بوو. هەموو منداڵێک کاتێک لەدایک دەبێت،بەزمانی دایکی خۆی قسە دەکات و فێری نووسین و خوێندنەوە دەبێت، بەڵام ئەی بۆچی من نەمتوانی؟

ڕاستەوخۆ بەبێ دوو دڵی ئەم پرسیارەم ئاراستەی مامۆستاکەم کرد گوتم، باشە مامۆستا من کوردم،ئەی بۆچی من ناتوانم بەزمانی خۆم قسەبکەم؟

ماموّستا گوتی، ڕۆلەکەم، تۆش وەکو هەر قوتابییەکی دیکە تورکی و دەبێت زمانی تورکی خۆش بوێت،بیر لەشتی دیکە نەکەیتەوە ئاقڵ.

لەوکاتەوە بە ناچاری زمانێکی بێگانە، دەرد خواردی منیان دا.

یاخود هەموو بەیانییەک بەناچاری سرودی نیشتیمانی تورکەکان بە قوتابییە کوردەکان دەگوترایەوە.دەبوایە بڵێین؛ من تورکم، ڕاستگۆم، تێکۆشەرم...

تەمەنی منداڵیم لە کۆڵانە دێرینەکانی شاری **ئورفە** بە کۆمەڵێک یادگاری ناخۆش و تاڵ بەڕێمان کرد، تەنانەت ڕێگەیان نەدا بەوەی بە ئاسودەیی چێژ لە تەمەنی منداڵیمان وەرگرین. بەڵام تاکە شت لەیادم نەکردبێت لەهەزری خۆم، ئەویش پاش تەواو بوونی کاتی

قوتابخـــانه، بەرەو کەبابخـــانەکەی بـــاپیرم دەچـــووم. تـــاکە یادگـــاری جـــوانی منـــداڵیم لە ئـــورفە تەنهـــا شـــوێنەکەی باپیرم بوو.

کـــاتی خـــۆی بـــاپیرم جارێکیـــان لەلایەکـــی کەبابخـــانەکەی هەســـتابوو بەزمـــانی کـــوردی هەنـــدێک دروشـــمی جۆراوجـــۆری نەتەوەیـــی نووســـیبوو،هەرزوو لەلایەن شـــارەوانی ســـەرەتا شـــوێنەکەیان پێـــی داخســـت، مـــاوەی ســـاڵێک و شـــەش مانـــگ زینـــدانی بەســـەر بـــاپیرم ســـەپێنرا. کەچـــی بە داخســـتن و زینـــدانی نەوەســـتان،لەپاش دوو ڕۆژان تەواوی کەبابخانەکەی باپیرم کرا بەخۆڵەمێش.

کەبابەکەی باپیرم لە ئورفە ناوبانگی تایبەتی هەبوو، تەنانەت لەهەموو تورکیا ناسرابوو. هەرچەندە لە کۆنەوە بەوە ناسراوین کەبابی **ئورفە** هەردەم نمرە یەک بووە،بەردەوام ڕکابەرایەتی کەبابی ئەدەنەمان کردووە.

باپیرم هەموو کات دەیگوت، باوکە ناخێرەکەی تۆ لەبری ئەوەی شوێنی باوکی خۆی بگرێتەوە، ببێتە وەستای کەباب، کەچی بە ملی شکاوی بووە فەرمانبەرێکی کۆیلەداری دەوڵەت.

باپیرم ڕاستی دەکرد،باوکم کەسایەتییەکی لاوازی هەبوو، پەیوەندی بە کاروباری سیاسی و کوردایەتی نەبوو. کەسێکی ترسنۆک بوو، بە ئاسانی ملی خۆی بۆ دەوڵەتی داگیرگەر شۆڕکردبوو.تەنانەت زۆرجاران شەرمم دەکرد باوکێکی لەم شێوەیەم هەبوو.

قۆناغی ژیانی منداڵیم له ئورفه کۆتایی هات،لەشارێکی دیکەوە دەستم بەژیانێکی ڕەزالەتی کرد. بەهۆی گواستنەوەی باوکمانەوە لەشوێنی کارەکەی بۆ شاری ئامەد، دواجار ئێمەش ناچار بووین ماڵمان بگوازینەوە بۆ ئامەد. ئامەد؛ لەبنەڕەتەوە بەگەورەترین شاری کوردی هەژمار دەکرێت،لەلایەن تورکەکانەوە ناوەکەیان بۆ دیاربەکر گۆڕیوە،بەڵام لەنێو دڵی کوردان هەمیشە بە ئامەد ناسراوە. ئەوان هەمووشتێکی ئێمە دەیانەوێت بسڕنەوە یان بۆخۆیانی ببن،کەچی هیچ جارێک سەرکەوتوو نەبوونە. ئێمە گەلێکی خۆڕاگرو بە باوەڕین بە ئاسانی خۆبەدەستەوەدان لەفەرهەنگی ئێمەدا نەبووە.

ئەم شـــارە بـــۆ ئـــێمە بە هـــێمای بەرخـــودانی گەلـــی کـــورد دەناسرێـــــت لە مێـــــژووی خەبـــــاتی کـــــوردا، چەنـــــدین کەســـایەتی بـــوێر و ئـــازادی خـــواز لە زینـــدانی ئـــامەد، دژی داگیرکـــاری و ڕەگەزپەرســـتی دەوڵەت گیـــانی خۆیـــان فیـــدا کردووە.

مەزڵـــوم دۆغـــان؛ بەپێشـــەنگی بەرخـــودانی گەلـــی کـــوردی بـــاکوری کوردســـتان و تەواوی پارچەکـــانی دیـــکە نـــاسرا، لە ٢١ ئـــاداری ســـاڵی ١٩٨٢ز ڕاســـتەوخۆ لەنێـــو زینـــدانی ئـــامەد بە ســـێ شـــقارتە ئـــاگر لەجەســـتەی خـــۆی بەردەدات، بەم هەڵوێســـتە پیـــرۆزەی دواجـــار بە**"کـــاوەی ســـەردەم"** دەناسرێت تاوەکو ڕۆژی ئەمڕۆ.

لەگەڵ چەندین کەسایەتی دیکەی پێشەنگی شۆڕشی ئازادی خوازی کوردستانی گەورە، وەکو عاکف یەڵماز، عەلی چیچەک، کەمال پیر، خەیری دورموش.

قۆناغی خوێندنی دواناوەندیم لە ئامەد دەستی پێکرد...

بەهەمان شێوەی ئورفە،دووبارە لەم شارە گەورە کوردیە شکۆدارە زمانی کوردی و کوردبوون قەدەغە بوو بۆمان. بەڵام ئامەد هەمیشە جیاوازتر بوو لەشارەکانی دیکەی باکوری کوردستان،زۆرترین دەنگی ناڕەزایی دژی دەوڵەت لەم شارەوە بەردەوام کڵپەی دەهات.

لەگەڵ گەورەبوونی تەمەنم،ئیتر بە تەواوی هەستم کرد زمان و خاکی من بەیەکجاری داگیرکراوە لەلایەن فاشیستەکانی ناو دەوڵەت. منیش بەوهۆیەوە زیاتر

دەستم کرد بە کە لە ڕەقی لە دژی داگیرکەر،هەروەکو لەمنداڵی بڕیارم لەسەری دابوو،ئەمڕۆ بە دڕووستی کاری لەسەر دەکەم.

لە خوێندگەدا پەرتووکێکی کوردی بەدەستمەوە بوو، سەرقاڵی خوێندنەوە بووم،هەرچەندە تاڕادەیەک بە ئەنقەستەوە پەرتووکی کوردیم بەدەستەوە گرتبوو، بۆ ئەوەی بزانم هەڵوێستی دوژمن لەبەرامبەرم چۆنە.

دواجار دەرکەوت لەلایەن کۆمەڵێک هاوڕێی تورک بەتوندی پەلاماریان دام و کتێبەکەیان لەدەستمیان سەند. لە حەوشەی قوتابخانەکەمان لەنێو تەنەکەیەکی خۆڵدا ئاگریان تێ بەردا سوتاندیان، پاشان هاواریان دەکرد دەیانگوت، بەم شێوەیە دەتانسوتێنین.

بەزمانێکی هەڕەشەوە ئاگەداریان کردمەوە، جارێکی دیکە پەرتووک بەم زمانە نەخوێنمەوە. بێگومان من هیچ کاتێک ئەو قوتابییە هەرزەکارانە بە تاوانباری سەرەکی نازانم، چونکە ئەوان قوربانی هەزری دوڵەتێکی ڕەگەز پەرستن. جگە لە ناسنامەی خۆیان باوەڕیان بە زمان و ناسنامەیەکی دیکە نەبوو.گەورەترین خەبات لەتورکیا بێتە ئەنجام،دەبێت خەباتێکی هەزری لەنێو کۆمەڵگادا بێتە ئاوابوون،بتوانرێت لەم ڕێگایەوە تاکی تورک لە ڕەگەزپەرستی و فاشیستی ڕزگاریان بێت.

هاوڕێ کوردەکانی دیکەی هاوزمانی خۆم لە ترسان نەیان توانی کاریگەری ڕاستەوخۆ نیشان بدەن. بەڵام بە ناڕاستەوخۆ لە پشتەوە بەردەوام پاڵپشتی سەرەکیم بوون ئەوکات.

ئەوان پێیان وابوو ئەم زمانە، زمانی تیرۆرستەکانە،لێرەدا بەهیچ شێوەیەک قبوڵکراو نییە. هەموو جارێک پێیان گوتم،تۆ تورکی و لەژێر ئاڵای کۆماری تورکیادا ژیان دەکەی،دەبێت هەموو شتێکت تورکی بێت،تەنانەت دەبێت وەکو تورکێک بیر بکەیتەوە.

بەو قسانەی تورکە ڕەگەزپەرستەکان، زیاتر هەستی یاخی بوون و نەتەوەیی لەنێو دڵم ئاوا بوو.لە یادمە ئەو ڕۆژە، بەدەنگی بەرزەوە لە گۆڕەپانی قوتابخانەکەم هاوارم کرد بە ناو هەموو قوتابخانەکەدا، بڵاوم کردەوە من کوردم، باب و باپیری من کورد بووە، منیش بەکوردی دەژیم و دەمرم.کاتێک ئەم قسەیەم کرد، وەکو ئەوە وابوو کارێکی تیرۆرستیم ئەنجام دابێت،

سەرجەم قوتابیەکان و مامۆستا ڕەگەزپەرستەکان بەربوونە گیانی من، ویستیان دەستبەجێ بمکوژن.

ملی قەمیسەکەی بەرمیان بە تونددی گرتبوو، بەڕاکێشان منیان برد بۆ لای بەڕێوەبەری قوتابخانەکە،کەسێکی زۆر ناشرین بوو وەکو بەرازێکی پیر وا بوو،لەقسەکانیدا بەردەوام سوکایەتی بەخۆم و خێزان و زمانەکەمی دەکرد. پاشان بە بڕیاری ئاژاوە گێڕی و تێکدانی ئاسایشی تورکیا هەستان لیژنەیان لەسەرم دروست کرد، وەکو ئەوە وابوو کەسێکم کوشتبێت.

بەو هۆیەوە لەو ڕۆژە بەدواوە من لە قوتابخانە دوورخرامەوە، چیتر مافی خوێندن بۆ من نەبوو لە هەموو تورکیادا، تەنیا بەهۆی وتنی ڕاستییەکان و داواکردنی مافی سەرەتایی خۆم.

لە لایەکی دیکەوە دڵخۆش بووم بە وازهێنان لە قوتابخانە، چونکە قوتابخانەو خوێندنی ڕاستەقینەیی من نەبوو. دایکم زۆر دڵگران بوون بەوەی لە قوتابخانە دوورخرامەوە. بەگریانەوە گوتی، بۆچی وات کرد کوڕم؟ داهاتووی خۆتت لەناوبرد...

باوەشێکم بەدایکم کرد پێم گوت،ئێمە لە بنەڕەتەوە داهاتوومان نەبووە دایکە،تا ئەو ڕۆژەی ئازاد دەبین.

لە هەمانکاتدا قوتابییەکی زیرەک و چالاک بووم، بەڵام نەمتوانی بەرگەی ئەو هەموو نادادپەروەریە لە ئەستۆ بگرم، لە کاتێکدا ئەوان بە ئازادی زمانی دایکی خۆیان بخوێنن و بنووسن قسان بکەن، کەچی بۆ من وەکو تاوانێک بوو کاتێک باسی زمانی کوردیم بکردبایە.

پـــاش وازهێنـــانم له قوتابخـــانه،له دوکـــانی وەســـتا خەیـــری دراوســـێمان دەســـتم بەکـــاری چـــاکردنەوەی ئۆتۆمبێـــل کـــرد، مـــاڵی ئاوابێـــت پیـــاوێکی چـــاک و بەڕێـــز بـــوو، بەڕەچەڵەک کـــوردێکی زازایـــی لای دێرســـیم بـــوو. بەهـــۆی خەبـــاتی کوردایەتی،لەســـاڵانی حەفتاکـــانی ســـەدەی ڕابـــردوو زۆر دەردەســـەری و ناخۆشـــی چەشـــتبوو لەلایەن دەوڵەتەوە. دوو کـــوڕی وەســـتا خەیـــری بەهـــۆی چـــالاکی سیاســـی زیندانی پازدە ساڵیان بەسەردا سەپێنرابوو.

دووســـاڵ لە بەردەوامـــی کـــارکردنم لەگەڵ وەســـتا خەیـــری فیـــتەر، دواجـــار بەناچـــاری ماڵئـــاواییم لە کـــارکردن لەگەڵ وەســـتا خەیـــری کـــرد. دوکـــان و خـــانووەکەی خـــۆی فرۆشـــت دەســـتی کـــچە تاقـــانەکەی گـــرت و بەرەو ئەڵمانیـــا ســـەری خۆیان بەرەو هەڵدێر برد.

پـــێش ئەوەی وەســـتا خەیـــری بـــڕوا پێـــی وتـــم، ئەم وڵاتە هەوای ئـــازادی بـــۆ ئـــێمە نێیـــدا نەمـــاوە. پـــاش ڕۆیشـــتنی وەســـتا خەیـــری، دووماڵـــگ بـــێ کـــار ســـوڕامەوە لە کۆڵانەکـــانی ئـــامەد. منـــیش ئەوکـــات ناچـــاربووم،ملی ڕێگـــای خـــۆم بگـــرم بـــڕۆمە ئیســـتەنبوڵ لەوێ دەســـت بەژیـــانێکی نـــوێتر بـــکەم. لەبـــنەڕەتەوە شـــارێکی جەنجـــاڵ و بێـــزارکەر، بەڵام سروشتەکەی تاڕادەیەک دڵگیرە.

هـــاوڕێیەکی منـــدااڵیم هەبـــوو، کـــاتی خـــۆی لە ئـــورفە درواوســـێ بووین،لەپاشـــان بەهۆکـــاری کێشـــەی نـــاموس ماڵیـــان گواســـترایەوە بـــۆ ئیســـتەمبوڵ. مـــاوەیەک لای ئەو هـــاوڕێیەم نیشـــتەجێ بووم،تـــاوەکو تـــوانیم کارێـــک بـــدۆزمەوە،ئیتر پـــاش دوو هەفـــتە، چێشـــتخانەیەکی

گەشـــــــتیاری هەبـــــــوو لەنـــــــاوچەی بێشـــــــکتاش،وەکو قاپشۆریکی چێشتخانەکە دەست بەکاربووم.

شـــــــەوێکیان بەدەم کـــــــارکردنەوە لە چێشـــــــتخانە،گۆرانی کـــــوردیم لەگەڵ خـــــۆم دەگـــــوتەوە، لەوکـــــاتەدا خـــــاوەن کـــارەکە گوێبیســـتی دەنگـــی مـــن بـــوو، بەتـــوڕەیی گەیشـــتە لام و زلەیەکـــــی تونـــــدی لەپشـــــتی ملمـــــی دا. بەڕووخســـــارێکی مۆنەوە پێی گوتم، هەی بێ شەرەف تۆ تیرۆرستیت؟

کاتێـــک نـــاوی وشـــەی تیرۆرســـتی هێنـــا،منیش تـــوڕە بـــووم ئەوکـــات خـــۆم پـــێ نەگیـــرا، بەخراپـــی پەلامـــارم دا،قـــاچی ڕاستی خاوەن چێشتخانەکەم شکاند.

بەهـــۆی ئەو رووداوە منیـــان بەتـــۆمەتی پەلامـــاردان شـــەش مانـــگ زینـــدانی کـــرام. بەڵـــێ شـــەش مـــانگی تەمەنـــم لە کوچەکـــــانی زینـــــدانەوە تێپەڕانـــــد،تەنها لەبەر ئەوەی دووبـــارە بەرگـــریم لە ناســـنامە و زمـــانی خـــۆم دەکـــرد، کەچی ئەوان بەبێ هۆکار منیان بە تیرۆرست زانی.

بەم هەڵســـوکەوتە نابەجێیـــانەی دەوڵەت زیـــاتر منیـــان یـــاخی تـــوڕەکرد، ســـوربوونی خـــۆم لەســـەر مافەکـــانی خـــۆم و نەتەوەکەم دووپـــات کردەوە،لەزینـــدانەوە بڕیـــارم دا تـــا ئەو ڕۆژەی هەمـــــوو مافەکـــــانم بەدەســـــت دەهێـــــنم، بەردەوام دەبم لەخەباتکردن بەرامبەر داگیرکەران.

ژیانێکی سەرشۆڕیم ناوێت، بەڵکو مردنێکی سەربەرزانە دەخوازم. پاش شەش مانگ لەزیندان ئازاد بووم، ڕاستەوخۆ لە ئیستەنبوڵەوە گەڕامەوە بۆ ئامەد بۆ لای خێزانەکەم.

هەفتەیەک بەبێ دەنگی مامەوە، چونکە چاودێری بەردەوامی دەوڵەتم لەسەر بوو، گومانیان لە من هەبوو گوایە سەر بە گرووپی ڕێکخستنم.

لە دوو کۆڵانی لای خوارەوەی گەڕەک، چایخانەیەکی لێ بوو، بە چایخانەی دەنگە ناڕازییەکان ناسرابوو،ناوبەناو پۆلیس و جەندرمە هەڵی دەکوتا سەر ئەو چایخانەیە. منیش زۆربەی کات بەرەو ئەوێ دەچووم تاوەکو بزانم چی دەگوزەرێت...

ئەو کاتانەی لە زیندان بووم،کەسێکم بەناوی جەمیل ناسی، بەهۆی چالاکی سیاسی زیندانی کرابوو. ناو ژمارەی کەسێکی پێدام، پێی وتم، هەرکاتێک ئازاد بووی برۆوە بۆ شاری ئامەد سڵاوی منی پێ بگەینە.

لەپاش هەفتەیەک لە ئازاد بوونم دەستبەجێ پەیوەندیم پێوەی کرد،سڵاوی کاک جەمیلم پێی گەیاند لە زیندانەوە. دەیزانی من بۆ چ مەبەستێک پەیوەندیم کردووە،لەپاشان مۆبایلەکەی بەسەرم داخستەوە، بەنامەیەکی کوردت نووسیبووی چاوەڕێی هەواڵ بە لە منەوە.

لەپاش ئازادبوونم زیندانەوە دەوڵەت دووڕێگای بۆ من هێشتەوە، ڕێگایەک دەبوایە ببم بەکەسێکی فرۆشی مادە هۆشبەرەکانی سەرشەقام، هاوشێوەی گەنجەکانی

دیـــکه. ڕێگـــای دووەم یـــاخی بـــوون و بەرخـــودان بـــوو لە دژی دەســـــەڵاتی خۆســـــەپێنی دەوڵەت. منـــــیش بەبـــــێ بیرکردنەوە ڕێگای دووەم هەڵبژارد.

پشـــتی ســـێ ڕۆژ لە بـــێ دەنگـــی، شـــەوێکیان کـــاتژمێر نـــۆی شـــەو دووبـــارە نـــامەی بـــۆ نـــاردم، ئەمجارەیـــان بەهەمـــان ژمـــارە ناونیشـــانی شـــوێنێکی بـــۆ مـــن نـــارد، گـــوتی، پـــاش کاتژمێرێکی دیکە لەوێ ئامادە بە.

جـــل و بەرگـــم کـــۆکردەوە، ماڵئـــاوایی لەدایـــک و بـــاوکم کـــرد، گـــوتم، بـــۆ مـــاوەیەک دەڕۆمە دەرەوەی تورکیـــا بـــۆلای هـــاوڕێیەک،نەمتوانی زانیـــاری زیاتریـــان پـــێ بـــدەم یـــان بـــۆ چ مەبەستێک دەڕۆم.

بەڕێکەوتم بۆ شوێنی یەکتربینین،کاتێک گەیشتم نامەم بۆ هەمان ژمارە نارد،ئاگەدارییانم کردەوە لەهەمان ئەو شوێنەم کە خۆیان دەستنیشانیان کردبوو. پاش پازدە خولەک لەچاوەڕوانی ئۆتۆمبێلێک لە دووڕەوە لایتێکی دا بەناو چاوم، بینیم کەسێک دابەزی لە ئۆتۆمبێلەکە بە دەستی چەپی ئاماژەی بۆ کردم.

منیش بەڕاکردن بەرەو لایان ڕۆیشتم. سێ کەس بوون، دوو پیاو یەک ژن بوون . سەرکەوتم لەگەڵیان بەرەو ماڵێک لە کۆڵانێک خوارترەوە بوو بۆ ئەوێ چووین . کاتێک چوومە ماڵەکە چوار کەسی دیکە لەو ماڵە بوو، دوو کچ و دوو کوڕی گەنج بوون. بەڕووخساریان دیاربوو ئەوانیش وەکو من کەسانێکی یاخی و شۆڕشگێر بوون.

دۆخەکە کەمێک سەخت بوو ئەوساڵە، چونکە چوار مانگ لەمەو بەر کودەتایەکی چەپڕی سەربازی بەسەر دەسەڵاتی ئەنقەرە کرابوو،لەلایەکی دیکەوە زیندانی کردنی کەسایەتی سیاسی کورد سەلاحەدین دەمیرتاش. بەگشتی ڕەوشی کورد لە تورکیا لەوساڵەدا لە ئاستێکی مەترسیدار بوو. لەهەمان ئەوساڵەدا دووبارە پێکدادانی سەربازی لەنێوان سوپای تورکیا و گەریلا قارەمانەکانی قەندیل بەچەپڕی دەستی پێکردبوو،شەڕەکە بەهۆی دووبارە شکستهێنانی پڕۆسەی ئاشتی ساڵی دوو هەزارو پازدەوە بوو. لە لایەن پۆلیس و هێزی تایبەتەوە بەهاوکاری دەزگای هەواڵگری(میت) بەسەختی ناوچەکانی سەر سنورو ناوشاریان بەتەواوی کۆنترۆڵ کرابوون.

مـــن و چـــوار گەنـــجەکەی دیـــکە ســـەرەتا بەشـــێوەیەکی گەشـــــتیاری لە ئـــــامەد بەڕێکەوتـــــین بەرەو باشـــــوری کوردســـــتان. دوو ڕۆژی تەواو لە میوانخـــــانەیەکی ســـــادەی شاری (...) نیشتەجێ بووین.

دۆخـــی باشـــوری کوردســـتان لە چـــاو پارچەکـــانی دیـــکەی کوردســـتان دۆخیـــان باشـــترە. نـــیمچە ســـەربەخۆن، ئەوان بەئـــازادی دەیـــان تـــوانی بەزمـــانی کـــوردی بخـــوێنن و بنووســـن، تەنـــانەت زۆربەی خەڵکـــی باشـــور بەردەوام جلـــی کوردیـــان لەبەربـــوو، بەبـــێ ئەوەی هـــیچ کەســـیک لـــێ پێچینەوەیان لەگەڵ بکاتن.

منـــیش ئەوکـــات هیـــوام دەخواســـت پارچەکـــانی دیـــکەش وەکـــو باشوری لێ بێت.

لەکـــــاتی گەیشـــــتنمان بە میوانخانە.ڕاســـــتەوخۆ دوو ژوری جیاوازمـــان گـــرت، مـــن و دوو گەنـــجەکەی دیـــکە لەژوورێـــک ماینەوە، دوو هاوڕێ کچەکە ژوورێکیان بەجیاواز گرت.

دوو کچـــی گەنـــج و زۆر بەڕێـــز یـــاخی دەردەکەوتـــن، وەکـــو ئەو کچـــــانەی دیـــــکە نەبـــــوون لەپێشـــــتر دەمناســـــین، لەبـــــنەڕەتەوە خوێنـــــدکاری زانکـــــۆی گەلاتاســـــەرای ئیســـــتەمبۆڵ بـــــوون،بەڵام بەهـــــۆی پرســـــە نەتەوەیـــــی و کۆمەڵایەتییەکـــــان نەیـــــان تـــــوانی بـــــوو درێـــــژە بە خوێنـــــدنەکەیان بـــــدەن.دوو کـــــوڕە گەنـــــجەکە ســـــەرکان و مـــــوراد،ئەوانیش وەکـــــو مـــــن دوو گەنجـــــی کـــــوردی خێـــــر لەخۆنەدیـــــو بـــــوون. زۆر بەجـــــوانی وتیـــــان،ئێمە تەنیـــــا گیـــــانێکمان هەیە پێشکەشـــــی ڕێگـــــای ئـــــازادی کوردســـــتانی

بکەیـــــن بە هەمـــــوو دڵ و گیانمـــــان،زۆر لەوە باشـــــترە لە کۆڵانەکانی تورکیادا بەبێ ئامانج بسوڕێینەوە.

ڕۆژی ســـــێیەم، بەنـــــامەیەک ئاگەداریـــــان کـــــردینەوە بەرەو شـــــوێنێکی دیـــــکە بڕۆین،گـــــوایە لەوێ کەســـــێک چـــــاوەڕێی ئـــــێمە دەکـــــات، لەوێـــــوە ڕاســـــتەوخۆ بەرەو چیاکـــــانی کوردستان سەرمان بخات.

دەمتـــــوانی لەبـــــری ئەوەی بەرەو چیاکـــــان گەشـــــتی ئـــــازادی بـــــکەم، چەنـــــدین جـــــار بەڕێگـــــای جیـــــاواز دەرفەتـــــی ئەوەم بـــــۆ ڕەخســـــا بـــــوو لە تورکیـــــاوە بەرەو وڵاتـــــی ئەڵمانیـــــا بـــــڕۆم. لەوێ ســـــەرقاڵی ژیـــــان و ڕابواردنەکـــــانی خـــــۆم بـــــم، وەکـــــو بەشـــــێکی گەنجەکـــــانی دیـــــکە. چەنـــــد هـــــاوڕێیەکی مـــــن لە شـــــارەکانی بەرلـــــین و پـــــاریس هەبـــــوون،ئەوانیش وەکـــــو مـــــن کـــــورد بـــــوون، تەنیـــــا خەریکـــــی ژیـــــانی ئاســـــایی و ڕابـــــواردن

بـــوون. مـــن پـــێچەوانەی هاوڕێکـــانم ژیـــام، کەســـێک بـــوومبـــاوەڕم بەوە نەبـــوو تەنیـــا بـــۆ بەرژەوەنـــدی و ئـــارەزووی خـــۆم بـــژیم لەم ژینە،بەڵکـــو بـــۆ گەلە چەوســـاوەکەم ڕێگای پیرۆزی بەرخودانم هەڵبژارد.

دەڵـــێن، ســـەرکردەی ڕاســـتەقینە و خەم خـــۆری گەل ئەو کەســـەیە ژیـــانی خـــۆی بکـــات بە قوربـــانی لە نێـــو چـــوار دیـــواری زینـــدان، تەنیـــا لەپێنـــاو ئـــازادی و ســـەربەرزی گەلەکەیـــدا. واتە ئامـــادەم ژیـــانی خـــۆم بـــکەم بە زینـــدانێکی تاریـــک لەپێنـــاو ئـــازادی کوردســـتانەکەم. لە مێـــژوودا ئەو ســـەرکردانە زۆر دەگمەنـــن، وەکـــو مانـــدێلا لەپێنـــاو گەلـــی ئەفریقیـــای باشـــور بیســـت و حەوت ســـاڵ تەمەنی لەزیندان بەڕێکرد.

گانـــدی ڕێـــبەری ڕووحـــی هیندســـتان چەنـــدین جـــار لەلایەن ئینگلیزەکـــانەوە زینـــدانی کـــرا لەپێنـــاو ئـــازادی و ئاشـــتی بـــۆ گەلەکەی.

کـــــوردیش هاوشـــــێوەی نەتەوە داگیرکراوەکـــــانی دیـــــکە، کەســـایەتی خەمخـــۆری تێیـــدا هەڵکەوتووە،تەنیـــا ئامـــانجی ڕاستەقینەیان سەرکەوتنی کورد و کوردستان بووە.

لەیـــلا زانـــا لەجـــوانترین ئەو کەســـایەتیانەیە تـــوانی بـــۆیەکەم جـــــار لەنێـــــو دەوڵەتێکـــــی وەکـــــو تورکیـــــای ڕەگەزپەرست،ســـــوێندی یاســـــایی لە پەرلەمـــــان بە زمـــــانی شـــیرینی کـــوردی بخـــوێنێتەوە. بەڕەفتـــارە بـــوێرانەکەی ئـــاگر لە هـــزری ڕگەزپەرســـتانی تورکیـــا بەردا،دواجـــار بـــۆ مـــاوەی **دە** ساڵ سزای زیندانی بەسەردا سەپێنرا.

یەکێکی دیکە لەو سەرکردە کاریزمایانەی کورد، بە ماندیێلای کوردی ناسراوە، **عەبدوڵا ئۆجەلان** لە شوباتی ١٩٩٩ لەپێناو داخوازییەکانی گەلی کورد،دواجارلە دورگەیەکی دووڕە دەست زیندانی دەکرێت.

هەرکەسێک لەمانە دەیان توانی ملی ڕێگای خۆیان بگرن بەئاسانی ڕادەستی داخوازییەکانی دوژمن بن و ژیانێکی ئاسودە و شاهانە بۆخۆیان مسۆگەر بکەن، لەبری ئەوەی ڕۆژ و شەوەکانی تەمەنیان بە ئازار بەسەر بەرن لە نێو کوچەکانی زیندانەوە. بەڵام کاتێک مڕۆڤ باوەڕی و ئیرادەیەکی بەهێزی دەبێت و بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکاتە قوربانی گەل و خاک . ئیتر چاوەکانی هیچ شتێکی دیکە نابینێت،جگە لە بەرخودان.

کەسایەتی مەزڵوم دۆغانم بەردەوام بە پێشەنگی خۆم دەزانی،گەنجێکی خوێندەوار زانا لەپێناو ئازادی کوردستان گیانی خۆی فیدا دەکات. کەواتە گەنجانی وەکو من لە ئەمڕۆدا قەرزاری کەسانی شۆڕشگێڕی وەکو مەزڵوم دۆغانە. ئێمەش درێژە بەو ڕێگایە دەدەین تا دواهەمین دەستکەوتی گەلەکەم.

هەستێکی جیاوازم بوو،کاتێک چەکی شۆڕشم کرد بەسەر شانمەوە، بەڵێنم بە خۆم دا تا ئازادی کوردستان،بەدەستهێنانی سەرجەم مافەکانی گەلەکەم بەردەوام بم لە تێکۆشانێکی ڕاستەقینەیی.

ناوی ڕاستەقینەی خۆم لە ئەرکان گۆڕی بۆ **ئاگرین تۆڵەڵدان.ئاگرین**؛گەورەترین چیای کوردستانە دەکەوێتە باکوری نیشتیمان، **تۆڵەڵدان**؛بەمانای کەسێکی یاخی و تۆڵەسێن دێت.

دوو ڕۆژ لەکەمپێکی تایبەت ئێمەیان میواندار کرد، تاوەکو بتوانین لەگەڵ کەش و هەوای شوێنەکە ڕابێین، دواتر گوازراینەوە بۆ کەمپێکی پەروەردەیی. بەهۆی ئاڵۆزی دۆخەکە وبەردەوامی هێرشەکان بۆسەر هەڤاڵانی گەریلا، ماوەی پەروەردەکەمان دیاری کراو بوو، نەتوانرا بەشێوەیەکی دوروو درێژ پەروەردە ببینین.

تەنیا پەروەردەی لەشکریمان بینی ئەوکات بە دیاری کراوی،لەگەڵ چەند ڕۆژێکی دیاریکراو پەروەردەی هزریمان بینی.

بیست و هەشت هەڤاڵ بووین لە کەمپێک دا، هەریەکەمان لەشارێکی جیاواز و پارچەیەکی دابڕاوی کوردستانەوە بۆ یەک ئامانج و خەون کۆبوینەوە. کەمپی مانەوەی هەڤاڵانی ژن بە جودا بوو، ژمارەیان شازدە هەڤاڵ بوون. ئێمەش دوازدە کوڕ بووین.

ژیانی گەریلایی زۆر جیاوازترە لە ژیانی ڕۆژانەی ناو جڤاکی ئەمڕۆدا، لێرەدا هەمووشتێک یاسا وڕێسای تایبەتی خۆی هەبوو. بەتایبەتی ئێمەی هەڤاڵانی خورت(کوڕ)، دەبوایە زۆر ئاگەداری شێوازی هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانمان بوینایە لەبەرامبەری هەڤاڵێکی ژن دا، بەتایبەتی لە کاتی ئاخافتن و دانیشتن لەگەڵیان. هەروەها قسەی سونەتی و ڕۆژانەی ناو کۆمەڵگا، لەگەڵ هەڤاڵێکی ژنی گەریلا قەدەغە بوو،

چـــونکه ژنـــان لێـــرەدا زۆر بەچـــاوێکی گەورە و خـــاوەن کەسایەتییەکی شکۆدار تەماشا دەکرێت.

ئەم جـــۆرە دیـــدگایە ســـەرەتا بـــۆ مـــن و هەڤـــاڵانی دیـــکەی کـــوڕ(خـــورت) تـــاڕادەیەکی بەرچـــاو نـــامۆ بـــوو. چـــونکە هەموومـــان لە نێـــو کۆمەڵگـــایەکی تەواو پیاوســـالاری هـــاتبووین، خـــۆم کەســـێکی پیاوســـالار بـــووم، بەردەوام ژنـــم بەلاواز بچـــووک دەبینـــی، ئێمەیـــان وا فێرکردبـــوو دەبێت ژن تەنیا لەماڵەوە بێت بۆ خزمەتی ماڵ و منداڵ.

لەنێـــوان خۆمانـــدا لەگەڵ هەڤـــاڵانی کـــوڕ(خـــورت)، دەمـــانگوت، ئـــاخر ژن و چەکیـــان کوجـــا مەرحەبـــا، خـــودێ ئەمانە لەناو شەڕدا دەست دەکەن بە قیژە قیژ ڕادەکەن.

مـــرۆڤ کاتێـــک له قۆنـــاغێکی ژیـــانی دا ڕاســـتییه شـــاراوەکان بەچـــاوی خـــۆی دەبینێـــت، ئەوکـــات بۆچونەکـــانی دەگۆڕێـــت بـــۆ ڕاســـتی و دروستـــی. ئـــێمەش بەپێـــی تێپەڕبـــوونی ســـاڵ لەنـــاو ژیـــانی گەریلایـــی لەگەڵ بەشـــداری کردنمـــان لە داســـتانەکانی ڕزگـــاری گەلـــی کـــورد لە بەرامـــبەری دوژمنـــان، شـــان بەشـــانی هەڤـــاڵانی ژن دا،دواجـــار مـــن و هەڤـــاڵانی دیـــکەی کـــوڕ ئەو بـــاوەڕییە کـــۆنەی ســـەرەتا هەمـــان بـــوو لەنـــاو جڤـــاکی پیاوســـالاردا، کەچـــی ئێســـتا کۆتـــایی هـــات و ئێمەش توانیمان هزری خۆمان ئازاد بکەین.

پیاوێـــــک تـــــاوەکو ئەو ڕۆژەی دەســـــەڵاتی پیاوســـــالاری لە خۆیـــدا نەکوژێـــت،هیچ کاتێـــک کۆمەڵگـــایەکی تەندروســـت و یەکسان نایەتە دروست بوون.

ئـــێمەی هەڤـــاڵانی **نێـــر** بەردەوام هـــزری خۆمـــان پـــاقژ و پەروەردە دەکـــرد لەبەرامـــبەر ژنـــان، تـــاوەکو بتـــوانین لەو ڕێگـــایەوە بەشـــێوەیەکی دروستـــت و ڕاســـتگۆیی دا ژیـــانی هەڤاڵێتی لەگەڵ ژندا دروست بکەین.

ژیـــانی گەریلایـــی بـــۆ منێکـــی شۆڕشـــگێر تەنیـــا هەڵگرتنـــی چەک و شـــەڕکردن نەبـــوو، بەڵکـــو قوتابخـــانەیەکی هـــزری بـــوو نێیـــدا وانەی ڕەوشـــت و ڕێـــز و یەکســـانی و ڕاســـتگۆیی هەمـــوو ئەمـــانە لە قوتابخـــانەی گەریلایـــی فێـــر بـــووین.لە خەبـــاتی گەریلایـــی تـــوانیم بـــۆ یەکەم جـــار شـــارەزایی تەواوی مێژووی گەلەکەم ببم بە ڕاست و دروستی.

لەنێـــو ژیـــانی گەریلایـــی دا هەســـتم بەشـــتێکی زۆر جـــوان دەکرد،کاتێـــــک دەمبینـــــی هەرهەڤاڵێـــــک لەشـــــارێک و پـــــارچەیەک و زاراوەیەکـــــی جیـــــاوازی کوردســـــتانەوە کۆببـــــونەوە بـــــۆ خەونێکـــــی مەزن. هەســـــتی ئەوەم بەلاوە دروســـــت بـــــوو کوردســـــتانم بـــــۆتە یەک پـــــارچە. هیـــــوادارم ڕۆژێـــــک ئەم ئاواتەمـــــان ببێـــــتە ڕاســـــتییەکی جـــــوان و مێژوویـــی. چەنـــد جـــوان دەبێـــت کاتێـــک هەمـــوو پارچەکـــانی کوردستان دەبینم بۆتە یەک خاکی گەورە و فراوان.

بە ئـــــارەزووی خـــــۆم لە ئـــــورفەوە دەڕۆمە ئـــــامەد،لەوێوە ســـــواری پاســـــێک دەبـــــم دێـــــمە پیـــــرە قەڵاتـــــی هەولێـــــرم، لە هەولێـــــرەوە دەچـــــمە قامیشـــــلۆ و کۆبـــــانی. ســـــەردانی مەزارگەی شـــــــەهیدانی کۆبـــــــانی دەکەم و یەک بەیەکـــــــی گۆڕی شەهیدان ماچ دەکەم.

پاشـــان لەوێـــوە بەرەو شـــارە جـــوانەکەی ســـنەی خوێنـــاوی و شـــارە جـــوانەکەی قـــازی محمـــد، مهابـــادی ســـەربەرز. ئیـــتر کەس ناتوانێـــت ڕێگـــام لـــێ بگرێـــت نە جەنـــدرمەی تـــورک و نە پاســـداری ئێرانـــی نە هێـــز و ســـوپای ســـوریا و عێـــراق. تەنیـــا وەکـــو دراوســـێیەکمان دەمێنـــنەوە بەبـــێ کێشـــە. پاشـــان هاوســـەرگیری دەکەم، بـــۆ منـــداڵەکانم دەگێـــڕمەوە، کە ئەم خاکەمـــان ســـەدان ســـاڵ لەژێـــر چەتـــری داگیـــرکەران دا بـــوو. بەهەزاران خـــوێنی شـــەهیدمان دا،بەڵام دواجـــار تـــوانیمان ســـەرکەوتوو بـــین. یـــاخود ئەگەر شـــەهید کەوتـــم بـــا ئەم دەستنووســـەم بمێنێـــتەوە بـــۆ یادگـــاری نەوەکـــانی داهـــاتوو.ڕەنگە زۆر کەس لەکـــاتی خوێنـــدنەوەی ئەم دەستنووســـەی منـــدا، لەدڵـــی خۆیـــانەوە بڵـــێن، ئەم شەڕقانە شێت بووە یاخود خەونی حوشتری بینیوە.

ئەوەی مـــن خەونـــم بە یەک پـــارچەیی کوردســـتان دەبیـــنم، بەلای زۆر کەســـەوە لەوانەیە جێگـــای گـــاڵتە بێـــت و بڵـــێن، هەرگیـــز شـــتی وا ڕوونـــادات بـــێ هیـــوایی خۆیـــان نیشـــان بـــدەن. بەڵام ئەگەر شـــتی وا نەهـــاتە بـــوون لەڕاســـتیدا،خۆ ئیـــتر بـــا لەخەونەکانمـــانەوە بە ئاســـودەیی بۆخۆمـــان دروستی بکەین.

٢٠٢٦ /٩/٥

ژیاننامەی نووسەر :

*ئەحمەد کامەران حەیدەر.

* لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٨

* بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی شوێنەوار.

* لەساڵی ٢٠١٩ لە ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکانی کوردستان دەست بەنووسینی وتار دەکات.

+پەرتووکە بڵاوکراوەکانی نووسەر :

١.ڕۆژێکم لەگەڵ ئازارەکانی کچێک (چیرۆک) 2020

٢.پەپوولە باڵشکاوەکان (ڕۆمان) 2020

٣.نامەی کچێکی مردوو (ڕۆمان) 2021

٤.جەنگ لەگەڵ مەرگ وژیاندا (چیرۆک) 2022

٥.بیرانی شەڕڤانێک؛لەچیاکانەوە تا ڕۆژئاوای کوردستان (ڕۆمان) 2026